# پلاتفورمی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی چەپ لە کوردستان

(پێشنیار)

**ڕەزا مستەفاسوڵتانی**

ئەم نوسراوەیە لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٧ لە ٥ بەشدا بە زمانی فارسی بڵاو بوەتەوە. ئیستا هەمووی پێکەوە دەخرێتە بەرچاو خوێنەرانی بەڕێز.

سە رەتا :

قەیرانی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی قوڵ، چەپی لە دونیادا مات کردووە و ڕەوتە چەپە سیاسیەکانی لە زۆربەی شوێنی جیهان خستوەتە قەراخ و پەراوێزەوە و سەرەڕای بڕوای چاک و مرۆڤ دۆستانەیان ئەو جۆرەی کە پێویستە بۆ کێشانی بیر و ڕای گشتی و ڕێکخستنی خەباتی کۆمەلایەتی و جەماوەری دژی هەموو چەشنە ستەم و نابەرابەرێک لە نێو کۆمەڵگادا دەوری بەرچاویان نییە. لە دۆزینەوەی هۆکانی ئەم قەیرانانە، لیکۆڵینەوەی زۆر و هەمە لایەنەی زانکۆیی بە فاکتگەلێکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگر و ئەزمونی شکست خواردووی وڵاتانی سوسیالیستی لە خۆرهەڵات لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانیاری کۆمەلایەتی و زانستگاکانی دونیا کراوە و بڵاو بوەتەوە. ئاکامی ئەم لیکۆڵینەوە قوڵ وبەربڵاوانە، پێویستی پێداچونەوەیەک و گوڕینی هەڵویست لە بناخەکانی بیر و باوەڕ و ئێدئۆلۆژێکی ڕێکخراوە چەپ و سوسیالیستەکان لە دونیادا بە شێوەیەکی حەتمی و حاشاهەڵنەگر نیشان دەدات.

گوتنی چەند شتی گرینگ وەک ئێقتسادی سوسیالیستی و کۆمونیستی لە وڵاتێک و یا چەند وڵات، دیکتاتوری کرێکاران، شۆرش یا ڕفورم، پەیوەس بونی تویژە ناوەکییەکانی کۆمەڵگا (وردە بورژوا) بە چینی کرێکار ئەو جۆرە کە بەڵین درابوو، گوڕینی سیکل و دەورانی قەیران و گەشە و لە بەین چونی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ هاتنە خوارەوە و یا چونە سەرەوەی ئاستی بیکاری لەم دەورانانە دا، بەشدارکردنی بەشێکی زۆر لە کرێکاران لە قازانجی (هەر چەند کەمیش بێت) ناوەندەکانی دراو وبەرهەم هێنان و بازار وەک فوندەکانی بیمە و خانە نشینی و ... جیهانی بوونی کاپیتال و پێویستی پێکهاتن و یارمەتی بزوتنەوەی ئێنترناسیونالیستی بۆ بە دەس هێنانی مافی حاشاهەڵنەگری کرێکاران و زەحمەتکیشان، ئاشتی، خەبات دژی نەداری و کۆیلەداری نوێ، فروشتنی مرۆڤ، نەخوشینی جیهانی وەک ئێدز ....، چە ک داماڵینی وزەی ناوەکی لە دونیا، بەر گیری لە پیس بوونی ژینگە و شێوەی کەڵک وەر گرتنی شیاو لە ئاو و هەوای هاو بەش وجیهانی، بەرگری لە چونە سەرەوەی نائاسایی نەفوسی جیهان، تروریسم و بیری نەگۆرو ... هەموو رادەگەیەنن پێداچەنەوە و گۆرینی بناخەکانی بیر و باوەڕ پێویستە.

کۆمەڵەی سوسیالیست توانی سوننەت و شێوە کاری نوێ لە بزووتنەوەی کوردستان بە شێوەیەک کە لە گەڵ خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ لا بردنی ستەمی نەتەوایەتی لە ڕابردوودا بەر لە دروست بوون و حزووری کۆمەڵە، لە باری ناوەرۆکەوە جیاوازی زۆری هەیە جێ بخات. لە وانە هێنانی جەماوەری بی بەش و زەحمەتکێش بۆ گورەپانی سیاست و جێ خستنی ئەم کولتورە کە بەشداری لە کار و باری سیاسی و کۆمەلایەتی ئەرکی هەموو و یا زۆربەی جەماوەری خەڵکە. بە جۆرێک نەک تەنیا تاقمێک زانا و هەڵکەوتووی سیاسی لە پشتی درگای بەستراوەوە لە گەڵ دوژمنانی نەتەوەی کورد لە گفتوگۆی نەهێنی دابیت و چارەنووسی خەڵکی کورد دیاری بکات. ڕاگەیاندنی هەموو کار و باری سیاسی بە خەڵک بە شێوەیەکی ئاشکرا و روون، هاو فیکری و پرسیار لە خەڵک لە ڕێگای کۆبونەوەی بەرفراوان و میتێنگ و بڵاو کردنەوەی بڵاڤۆک بۆ کێشەی کونکریت و هەستیاری پێویست و دووری لە قسەی کوللی

و شیعاری بی سەر و بن. تەنیا پشت نە بەستن بە خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەکانی کوردستان، رێکخستن و رێبەری خەباتی جووتیاران دژی خاوەن مولک و فیوداڵەکان، و رێبەری خەباتی کرێکاران دژی خاوەن کاری خوسووسی و دەوڵەتی لە کارگاکان و کورەپەزخانەکان و... نەخستنە دواوی خەباتی چینایەتی دوای لابردنی ستەمی میللی و لە یەک کەلامدا تێکۆشانی پاک و بێگەرد بۆ رێکخستنی خەباتی چینایەتی لە نێو کۆمەڵگای کوردستان و خەباتی میللی دیموکراتێک کە هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای کوردستان بۆ بە دەس هێنای مافی چارە نووسی نەتەوەی کورد تا دروست بونی دەوڵەتی سەر بە خۆ تیدا هاوقازانجن و پەیوەندی و نێوان میللەتی کورد لە گەڵ نەتەوە دراوسێەکانی بە چەشنێکی بەرابەر تاریف و دیاری دەکات و رێک دەخات.

چونکو لە بزوتنەوەی حەق خوازانەی میللی و دیموکراتێکی کوردستان بەشداری فەعالم هەبوە و بە چارەنوسی چەپ و کۆمەڵە وەک جەرەیانێکی سیاسی کۆمەڵایەتی لە کوردستان زۆرعەلاقەم هەیە و بە دڵسۆزی تەواوەوە چارە نوسی ئەم رەوتە سیاسی کۆمەڵایەتیەم شوێن هەڵگردووە و سەبارەت بە گەشە و کز بوونی ئەم رەوتە تا ڕادەیەک لیکۆڵینەوم کردووە ،تێدەکۆشم بە شێوەیەکی کورت: **یەکەم** هۆکانی مێژوویی ئەم قەیرانە فیکری و ئێدئۆلۆژیکە هەڵسەنگێنم و **دووهەم** سیمایەکی دروست و واقعی (دیارە بە عێنەکی خۆمەوە) لە جیهانی ئەمرۆ باس کەم و **سێ هەم** پلاتفورمی سیاسی و ئێدئۆلۆژیکی چەپی ئەمرۆی کوردستان بە خوازیارانی پێشنیار بەکەم. لیرەداباس لە سەر بناغەی قەیرانە سیاسی ئێدئۆلۆژیکەکانە، و بۆ بەرگری لە دوور و درێژی نوسراوە کە باس لە سەر کەم و کورپییەکانی کۆمەڵە بە گشتی و گۆرێنی رێبازی سیاسی و رۆحی حاکم بە سەر کۆمەڵەدا دوای گیان بەخت کردنی رێزدار کاک فوئاد موستەفاسوڵتانی و پێکهاتنی حیزبی کۆمونیستی ئێران (حیزبی کادیرەکان) و دابران و لەت بوونی ئەم حیزبە خۆم دەپارێزم و هیوادارم لە تلەڤیزیون و ماسمێدیاکانی تر بە دوور و درێژی لە سەریان قسە کرێ و ئەزمونی پۆزیتیڤ و نیگەتیڤی بزووتنەوەی چەپ بە گشتی و کۆمەڵە بە تایبەتی بۆ خوازیارانی باس و پێشکەش کرێت.

نوسین و پێشکەش کردنی ئەم نوسراوەیە بە هێچ شێوەیەک بە مانای ئەوە نییە کە نوسراوەکە نوسخەیەکی تەواو و بی ئێرادە، بەڵکوو تەنیا هەنگاوێکە لە لایەن خوازیارانیەوە بۆ دەس پێکردنی پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و دیموکراتیک . نوسراوەکە لە چەند بەشدا پێشکەش دەکرێت.

## کورتەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاری

بزووتنەوەی کرێکاری لە ئەزمونی مرۆڤ کە لە هەژاری و نەداری و سوکایەتیدا ژیاوە سەرچاوە دەگرێ. بیر و بروای سوسیالیستی و دیموکراتیک ئەم ئەزمونانەی لە رێکخراوگەلێکی سیاسی و تایبەتی کۆ کردوەتەوە و رێکیخستون و شەرعیەتی کۆمەڵایەتی پێ داون. بیر و بروا و ئارمانەکان وەک ئازادی،بەرابەری و برایەتی باسی رادیکاڵی قۆناخی زانیاری و تێگەیاندنی سەدەی حەڤدەیە. ئەم بیر و بۆچونانە لە رخنەی کۆمەڵایەتی سەدەی هەژدەدا زۆرتر بڵاو بونەوە. لەم قۆناخەدا سوسیالیستەکان و لیبراڵەکان تێدەکۆشان کە ئاڵترناتیڤی خۆیان لە باتی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو دەورانە کە لیواولیو لە نابەرابەری بوو، پێشکەش کەن. گەشە و هەڵدانی لە هەموو وڵاتەکان وەک یەک نە بوو. ئەم بیر و بوچونانە لە هەر وڵاتێک بە پێ تایبەتییەکانی وڵاتەکە و کەڵک وەرگرتنی سوسیالیستەکان و لیبراڵەکان لە ئەزمونی خەباتی رۆژانەی وڵاتەکەیان بە شێوەی جۆراوجۆر خزمەت کراون. بۆ نمونە لە وڵاتی سوید بزووتنەوەی کرێکاری زۆرتر لە بزووتنەوی مافی چارە نوس، خەبا ت بۆ رزگاری لە زەنجیری قورسی کلیساکان، خەباتی گشتی دژی خواردنەوەی بەر فراوانی مەێ و ئەلکول (بزووتنەوەی وە خەبەرهاتن) کەڵکیان وەرگرت. ئەم بزووتنەوانە کە پاڵی بە بیر و بوچونی هاوپشتی و هاوخەباتی وقازانجی هاوبەشی هاووڵاتیان و هاوکاری و دەخالەتی دیموکراتێک دابوو، لە سەربەهێز بوون و پەرەستاندنی سیاسەتە سوسیالیست و دیموکراتێکەکان کاردانەوەی بەرچاوی هەبوو.

ئازادی ،بەرابەری و هاو خەباتی، بۆچون وئەرج و ئەرزشگەلێکەن کە لە بنەڕەتدا ژیانی تاکە کەسەکانی ناو کۆمەڵگایان لە بەر چاوە. بەڵام هەل و مەرجی گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری و هاوخەباتی ئەم مرۆڤەتاکانە، بە زۆری لە کۆمەڵگادا کە مروڤە تاکەکانی لە خۆیدا جی داوە و دەوری دیاریکەری لە دابین کردنی پێویسیەکانی ئەم مروڤە تاکەکان هەیە پێک دێت.

لیبراڵەکان لە ئەساسدا دابین کردنی پێداویستیەکان دەخەنە ئەستوی مروڤی تاک بە تەنیا. سیاسەتی دابین کردنی ئازادی و بەرابەری و هاوخەباتی یانی دروست کردنی ژێرخانێک لە کۆمەڵگا و بازاڕی کاردا کە ژیانی مرۆڤی ئازاد، بەرابەر و یەکگرتوو مسوگەر بکات.

قازانجی خوسوسی و تاکی ئەندامەانی کۆمەڵگا لە گەڵ قازانجی هاوبە شی ئەوان پێویست وتەواوکەری یەکترن و بە توندی پێکەوە گرێدراون و لە یەک جیا ناکرێنەوە. ئامانج لە هەموو کاتێکدا ئازادی و خوش بژی و گەشەی هاولاتیانی تاکی کۆمەڵگایە، بەڵام ئەم ئامانجە تەنیا لە ڕێگای هەڵسوران و هاوکاری هاوبەشی مرۆڤەکانەوە مومکین دەبێت تا کۆمەڵگایەک پێک دێت، کە لە وێدا هەموو مرۆڤە کان خاوەنی مافی بەرابەربن. بەم جۆرە دیموکراسی و لە گەڵ ئەودا سیاسەت دەبنە ئامانج و ئامێری بزووتنەوەی کرێکاری.

لیبراڵەکان و سوسیالیستەکان لە کاتی خەبات بۆ دیموکراسی سیاسی، پێکەوە بوون . بەڵام ئامانجەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ لیبراڵەکان جیاوازی هەبوو. بزووتنەوەی کرێکاری بە پێچەوانەی لیبراڵەکان، تەنیا پێشکەش کردنی کار بە کرێکاران بۆ رزگاری فەردی خۆی لە هەژاری لە هەل و مەرجێکی دژواردا لە بەر چاو نە بوو. بەڵکوو خوازیاری ژیانی چاکتر بۆ هەمووان بوو. بزووتنەوەی کرێکاری خوازیاری ئاڵ و گۆری کۆمە ڵگا بە شێوەیەک بوو کە کرێکاران لە هەژاری و هیلاکی بە هۆی شەرایەتی دژوار و تاقەت پروکێن رزگاریان بێت و لەبەر ئەوەی کە هەموو پێویستییەکانی کۆمەڵگای ئینسانی بەرهەم دێنن رێزیان لی بگیرێت و لە بهەرەی کاری خۆیان مەحرووم نەکرێن .

بزووتنەوەی کرێکاری خوازیاری ئاڵ وگۆری زۆربەی ئەو هەل و مەرجە لە پێشەوە دیاریکراوی کۆمەڵگا بۆ هاوڵاتیانی کە لە لایەن لایەنگرانی سەرمایەوە سروشتی و ئاسایی نیشان دەدرا، بوو. مەبەست لابردنی جیاوازی چینایەتی بوو. گەیشتن بەم ئامانجە تەنیا لە ڕێگای دیموکراسی و حکومەتی خەڵکیەوە پێک دێت. بە یارمەتی بیر و باوەڕی بزووتنەوەی کرێکاریشەوە دەکرێ ئاڵ و گۆڕەکانی کۆمە ڵگا هەڵسەنگێنی و بدریتە بەر باس و لیکۆڵینەوە. یەکیک لە بناغە گرینگەکانی ئەم بیر و باوەڕە ماتریالیسمی مێژووییە. تێروانێنیک کە رۆڵی گرینگ و دیاری کەری فاکتورەکان وەک تکنێک، سەرمایە و رێکخراوی کار ( سێ بەشی پێک هێنەری هێزی بەرهەم هێنان) کە هەل و مەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە کان بە باشی باس دەکات. ماتریالیزمی مێژویی باسێکی گرینگ لای کارل مارکس بوو کە بە هاوکاری فردریک ئەنگلس ریک و پێک کرا. لەم باسەدا پەیوەندی ئیقتساد و کۆمە ڵگا و هۆی بوونی نابەرابەری لە کۆمە ڵکادا و هەل و مەرجێک کە دیسان خولقاندن و بەردەوامی ئەم نابەرابەیانە دابین دەکات بە دوور و درێژی باس کراوە .

باسێکی گرینگترێ تیئوری خەباتی چینایەتیە. بە پێی ئەم تیئوریە: ئال و گۆری کۆمەڵایەتی بە هوی خەباتەوە بۆ گەیشتن بە هێزی بەرهەم هێنان ( تکنێک، سەرمایە و رێکخراوی کار ) یانی بە دەس هێنانی دەسەڵات لە سەر بەرهەم هێنان و دابەش کردنی پێداویستی یەکان، کۆمە ڵگا بەرەو پێش دەبا. تێک هەڵچونی سەرمایە و کار، ئاخرین ئاستی ئەم پرۆسە مێژوویی یە. سەرمایەداری هێزی بەرهەم هێنانی زۆری خولقاندوە بەڵام سوخوری زاڵمانە و بی سنوور قەیرانی پەیتا پەیتای پێش هێناوە کە سەرەنجام هەل و مەرجی شۆرشگیرانە پێک دێنی و چینی کرێکار دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە دەگرێت . لەم ئاستەدا چینی کرێکار تەنیا چینیکە کە لە بەرابەر چینی سەرمایەدار رادەوەستی .چونکوو بە پێ ئەم تیئوریە چینە ناوەندیەکانی کۆمەڵگا (وردە بورژوا) بە تێپەر بوونی کات هێواش هێواش بە ریزەکانی چینی کرێکار پەیوەس دەبن. پاش شۆرش، خەباتی چینایەتی تەواو دەبی. چونکوو بە پێ ئەم تیئوریە خاوەنی هاوبەشی هێزەکانی بەرهەم هێنان، کۆمەلگایە و ئاکام و تەواو بەرهەمەکان بەش هەموو کۆمەڵگا دەکات.

ئەم شێوازەی مارکس و ئەنگلس تیئوریەکی زانستی بوو، کە دەبی وەکوو هەموو تیئوریە زانستی یەکانی تر لە مەیدانی کردەوە و پراکتێکدا ڕاست و یان ناڕاست بوونی نیشان بەدرێت . بۆچونی ماتریالیسم مێژویی یارمەتی شیاوی بە تێگەیشتنی ئاڵو گۆڕەکانی کۆمەڵگا کردووە و کاریگەری زۆری لە سەر زانستی کۆمەڵایەتی و باسەکانی ناو کۆمە ڵگا داناوە. بەڵام بناغەکی تری شێوازی مارکس-ئێگلس، تیئوری خەباتی چینایەتی، بە پێچەوانە بە هەڵەی شێ کردنەوە و یا کورت هێنان لە باس کردنی ڕێگای ئاڵ و گۆڕەکانی کۆمەڵایەتی پیشان داوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر لە باسی سیاسی-کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا دوور کەوتوهەوە. تیئوری خەباتی چینایەتی لە مەسیری ئاڵ و گۆڕی مێژوویی کۆمەڵگا یاسای لە پێش دیاریکراو کە ئەم جۆرە باوەڕە بە چارەنوسی لە پێش دیاریکراو لە زانستی کۆمەڵایەتی مودێرندا شیاوی پاراستن و پشتیوانی نیە.

لە ئوروپا سوسیال دیموکراتەکان زۆر پێش لە ئێستا باوەڕ بە چارە نوسیان ئەزمون کردووە ولە پشتی سەر خویان دایاناوە. ناکرێ سەرەڕای هەموو ئارەزوە و مەبەستە چاکەکان داهاتوو لە قالب وفورمی لە پێش دیاری کراو دارێژین. قەوارەی سیاسی هەر کۆمەڵگایەک پەیوەندی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە بە پێ هاوسەنگی هێز و ناکۆکییەکانی نیوان توێژ و چینەکانی ئەو کۆمەڵگایە ڕێک دەخات و پیشانی دەدا. هەروا کە نەسڵی پێشوو بە ئێمە ئەو ئێجازە یان دا، دەبی ئێمەیش ئێجازە بدەین کە نەسڵی داهاتوو بۆخۆیان سەبارەت بە ئیدارەی کۆمەڵگایەک کە تیدا دەژێن بریار بدەن. دەبی باوەڕمان هەبی کە لە هەموو بوارەکاندا، نەسڵەکانی داهاتوو، لە ئێمە ژێرتر و بە تواناتر دەبن.

مارکس و ئێگلس هەر دووکیان لە باسە سیاسیەکانی سەدەی ١٨٠٠ م ،هەڵسوراو بوون، بەڵام تیئوریەکەیان سەبارەت بە ئاڵو گۆرە مێژوویەکان پلانێکی سیاسی بۆ بە کردەوە دەرهێنان نەبوو. لەم تیئوریەدا وتیان کە ئاڵ و گۆری کۆمەڵایەتی پێش دێت بەڵام چونیەتی روو دانی ئەم ئاڵ و گۆرانە باس نە کرا. کۆمەڵگایەکی بی چین کە چۆن دیتە بەر چاو شێ نە کرایەوە. ئەم تیئوریە کەمتر سیاسی بوو، چونکوو ئاڵ و گۆرە سیاسییەکانی زۆرتر هەر بە ئاستێکی دیاریکراو لە تکنیک و ئێقتساد گرێ دابوو.

بۆ بزووتنەوەی کرێکاری کە لە بەرانبەر بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دا بوو و نابەرابەری و زوڵم و زۆری ڕۆژانەی بە تەواوی هەست دەکرد مەیسەر نە بوو کە چاوەڕوانی ئەو بەڵێنەی مێژوو بێت.

لە سەدەی ١٨٠٠ م باسی توند و تیژ و قوڵ لە نیوان گروپە جیاوازەکانی سوسیالیست دا سەبارەت بە چونیەتی کارلێکەری و ڕێنوێنی بردنی رووداوەکان بەرەو ئەو کاناڵە کە تیئوری مارکس باسی کردبوو لە ئارادا بوو. کۆمەڵانی بەرینی کرێکاری هەژار و مەحرووم دەیانەوی کە چارەی بنەرەتی لە وەزعی ژیان و کاریان لە و ماوەیەدا کە ئەوان زیندوون و کار دەکەن روو بدات .بە پێ دەورانی کورتی لیهاتووی تەمەنی مرۆڤ ، هەموو کرێکاران زیندوو نامێنن تا لە مێژووی بەڵین دراو لە دەسکەوتەکانی خەباتیان کەڵک وەر گرن. دەسکەوت و ئاکامی سیاسەتی دروست و مەنتیقی و ئاستی پێشکەوتن یان دواکەوتنی ئەو سیاسەتانە تەنانەت لە دەورانی سەرکوت و دیکتاتوریش دەبی لە ماوەی لانی زۆر چەند مانگ و یا ساڵێکدا بە بینرێ و بکری هەڵیسەنگێنێ،

هەر چەند ئەگەر کەم و بەر تەسکیش بیت. ئەگینا نابی بە لێکۆڵینەوەی ڕۆحی بچێنە ناو مێشکی مرۆڤەکانەوە، بەڵکوو دەبی سیاسەتێکی نوێ هەڵبژێرین کە چارە سەری گیر و گرفتەکانی ئینسان بکات . کۆتایی کردن و دێر جولان لەم کاتانەدا تەنیا بە قازانجی، نەیاران و دوژمنان تەواو بوە ودەبی . ئەگەر مارکس و ئێگلس لە دوو سەدەی رابردوو لە دایک نەدەبوون سەرەنجامی بزووتنەوە کرێکاریەکان چ دەبوو؟ مێژوو هەر ڕۆژە بەرە پێش دەڕوات هەروا کە بزووتنەوەکای جیهان بۆ بەرەو پێش چۆونی خۆیان چاوەڕوانی هێچ تیئوری و فەلسەفەیەک نابن و نە بوون. کردەوە هەڵسەنگێنەری هەموو بیر و باوەڕ و تیئوریەکە.

مارکس و ئێگلس زۆر کاری پر بایەخ وەک باسەکانی ماتریالیسمی مێژوویی، شێ کردنەوەی قوڵی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری، بەرهەم هێنانی بهەرەی زیادی لە هێزی کاری کرێکاران، پەیوەندی کار و سەرمایە بۆ نەسڵەکانی دوای خۆیان بە جێ هێشتوە.

مێژوی دوو سەدەی ڕابردوو واقع بینی جوڵانەوەی کریکاری لە خەباتی چینایەتی خویان دا لە کردەوەدا و یەکنگرتنەوەی تیئوری فەیلەسوفەکانی دۆست و لایەنگری کریکارانی بە جوانی خستە بەر چاو.

ودی ناهاتنی ئەو تیئوریانە لە وڵاتانی ئالمان، ئینگلیس و فەرانسە ناکرێت لە ئەستۆی لادانی ئیدەئولوژێکی و خراپ تێگەیشتن و بۆچونی رڤزیونیستی کەسەکان و هەبوونی سەندیکای زەرد و ... بەخرێت.

ناتەواوی لە  تیئوری خەباتی چینایەتی دایە نە لە ئینسانە سوسیالیست و تێکوشەرەکانی ئەم دونیا پان و بەرینە. لەم دورە و زمانە دا ئەگر زۆر بە سەبر و میهرەبان بی لە وانەیە بەکرێت لە سەر تیئورێک ٣-٢ ساڵ ڕاوستی تا راستی و ناڕاستیەکانی دەر کەوێت بەڵام هەرگیز ٢٠٠ ساڵ.

## رفورم یا شۆرش

بناغەی فیکری لایەنگرانی شۆرش لە بیری تەواو بونی خەباتی چینایەتی دوای لا بردنی سیستەمی سەرمایەداری سەرچاوە ی گرتوە و دەگریَ . بە پێی هەڵویستی لایەنگرانی ئەم سیستەمە فیکریە پێویست نیە و نەبوە کە چاوەڕوانی قەیرانی ئاخری سەرمایەداری بین و گورووهێک زانا و شۆرشگیر دەتوانن بە کردەوەی توند و تیژانە دەسەڵات بە دەستەوە بگرن و رەوتی ئاڵ و گورەکان ئەو جۆرەی مێژوو لە پێشەوە دیاری کردوە خێرا کەنەوە و رێنوێنی کەن بیبەنە پیش. ئەم بیر و بوچونانە بە دوو شێوەی کۆمونیستی و ئانارشیستی شکڵ و قەواریان گرت.  هەر دوو شێوەکە رێگای دیموکراتێکیان بۆ چاک سازی و ئاڵ و گوری کۆمە ڵگا رەت دەکردەوە. ئەوان بەم چەشنە و لە کردەوەدا  مافیان  بە هەمووان نە دەدا کە لە قەوارە دانی کۆمەڵگا بو داهاتوو بەشدار بن. بیری هاو نرخ بوونی مرۆڤە کان و هەر ئێنسانێک یەک دەنگیان رەت کردەوە.

دەتوانریَ ئاڵ و گوری کۆمونیستی لە سوڤیەت بە شێوەی سەرکوت و زاڵمانە بە یارمەتی چەمەکگەلێک وەک تێگەیشتن و دەرکی بناغەیی لە سیاسەت کە بریتیە لە تەواو کردنی پرۆسەێکی مێژوویی و مەسیری گەشەی کۆمەڵگا کە لە پێشەوە بە چەشنێکی بی ئەملا و ئەولا بۆ مرۆڤە کان دیاری کراوە( جەبری میژو) و لە لایەکی ترەوە وەر نە گرتن و رەتی دیموکراسی بۆ ئاڵ و گوری هەنگاو بە هەنگاوی کۆمەڵگا کە لە گەڵ ئاست و دەرجەی ئامادەگی خەڵک لە باری سیاسی و رێکخراوییەوە هاو رەوتی هەبی،  شیَ و روون کردەوە.

ئەم شێوە بیر و بوچونە  لە گەڵ خەڵکی ئاینی کە هەر لە رۆژی لە دایک بون باوەڕیان بە چارەنوسی دیاری کراوی ئێنسان هەیە کە هەموو کێشەکانی کۆمە ڵگا لە پێشدا لە لایەن دەسەڵاتی ئاسمانیەوە دیاری کراوە لە ناوەرۆکدا جیاوازیان نیە و یان لایەنگرانی سرمایە داری کە پێیان وایە هەموو شتێک لە لاین بازارەوە دیاری دەکرێت و مروڤەکانی ناتوانن هیچ کارگەرێکیان لە سەر بازاڕ هەبێت.

بە پشت بەستن بەم شێوە بیرکردنەوە ، ئەگەر ئاڵ و گوری کۆمەڵگا لە پێشەوە لە لایەن رهەەند و پرۆسەی مێژوویەوە دیاری کراوە و گورووهێک لە کادیرەکان کە لەم دیاردەیە بە باشی تیدەگەن، ئێتر رێز دانان بۆ بیر و رای تر لە کۆمەڵگادا پێویست نیە. و تەنانەت بوونی زۆربەی هەڵبژیرەکان بۆ پشتیوانی لە بیر و رای ئەم گورووهە ( کادیرەکان ) پێویست  نە بوە ونیە.

لیرەیە کە حیزبی کادیرەکان دەبیتە رزگارکەر و نوێنەر ی کرێکاران، هەر وەک دیندارەکانیش هەڵویستێکی وایان سەبارەت بە هاتنی عیسا و ئێمانی زە مان و... هەیە. پێویستە لەم شێوە بیر کردنەوەدا  ئوپوزیسیون کە مومکینە ئاڵ گورەکان لە ریَگای راست  و پیرۆز و لە پێش دیاریکراو بە لارێدا بەریت ، بیرە حمانە سەرکوت کرێت.

بیر و بوچونێک کە دیاردەی تایبەت وەک ئاڵ و گوری کۆمە ڵایەتی ، مێژوو، و ئاین و ... بە شێوەیەکی عەینی ( ئوبژکتیڤ) چاو لی بکا، بەبونیاد گرا ،ناسراون. هەڵویست و بیر و باوەڕی بونیادگرا لە گەڵ دیموکراسی کێشەی

هەیە. چونکو یەک لایی کەرەوە و بریاردەری سەرەکی دە نگدان و سەلماندنی خەڵکی دەنگدەر نیە. بەڵکوو هەمان ڕێگا کە میژو لە پێش دیاری کردووە دیاری کرە و دەبێت بەپێوریێت.

خاڵی هاوبەش و ئاکامی هەڵسورانی هەموو ئەو گوروهانە کە خۆیان بە تاقە راوێژکار و لیکۆلەوەر و ڕێنوینی کەری راستەقینە دەزانن، بە بێ لە برچاو گرتنی ئامانج و بیر و بوچونەکانیان و شێوەی باسکردنیان لە بیر و بوچونەکانیان، دیکتاتوریە.

بەم بونەوە ئاڵ و گورە کانی ناو ئیقتساد بە پلانی ( دەوڵەتی ) حکومەتە کۆمونیستیەکانی خۆرهەڵات ناکرێ تەنیا بە دەوری ڕێبەرانی نالایەق، ڕێکخراوی لاواز و نەگونجاوەوە شێ و تەفسیر کەینەوە ، بەڵکوو گرفتی بنەرەتی هەمان بونیادگرایی لە پێش دیاریکراو و نە گونجاوە کە سازانی پێویست لە بەرانبەر پێویستیەکان و ئاڵ و گوری کۆمە ڵگا لە باری فیکری، سیاسی، کۆمە ڵایەتی و ئابوریە وە لە بەرچاو نە بوە و پیان وابوە کە بۆ گەشەی کۆمەڵگا ،پێداچونەوەی بەرنامەکان پێویست نیە و لە پێشدا هەموو شتێک براوەتەوە و دیاری کراوە.

لە بەرانبەردا بیر ریفورمیستی لە سەر بناغەی دیموکراسی بەشدار و هاوهەست و چاک سازی کە لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە پشتیوانی لی دەکرێ دامەزراوە و دادەمەزرێت . بۆ ریفورمیستەکان ئاڵ و گوری کۆمەڵگا بریتی لە گەیشتن بە ئامانجە لە پێش دیاری کراوەکانی حیزبێک و ڕێکخراوەیەک نیە، بەڵکوو چونە سەرەوەی هەنگاو بە هەنگاو و رۆژانەی دەخاڵەت کردنی دیموکراتیکی مرۆڤەکان لە کۆمە ڵگا و شوێنی کارە.

لای ریفورمیستەکان هەنگاوی یەکەم بۆ هەڵسورانی جۆراوجۆری کۆمەڵگا، خاڵ بەندی و فورمولە کردنی پێویستیەکانی هاووڵاتیان و بەرێوە بردنی وتویژ دیالۆگ، قسە و باس سەبارەت بە خاڵە دیاریکراوەکان کە لەم باسانەدا پەیتا پەیتا تیئوریەکان سوک و قورس و هەڵیان دەسەنگینن و لە گەڵ هەل و مەرجی کۆمەڵگا بەراورد دەکرێن.

بزوتنەوەی کرێکاری لە ئوروپا لە سەر دوو کۆڵەکە دامەزرا، سەندیکا و حیزبە سیاسیەکان ، کە هاوکاری لە نیوانیاندا بەرچاوە و ئەرکانیشیان بە جوانترین شێوە دیاری کراوە . سەندیکاکان هەمیشە و لە رابردوو و ئێستاش بۆ وەگرتنی مافی زۆر تر و چاک کردنی هەل و مەرجی کار بۆ کرێکارانی ئەندام هەڵسوراون و خەبات دەکەن. حیزبە سیاسیەکانیش بە مەبەستی مانەوە و پاراستن و بەر فراوان کردنی مافی سیاسی هاووڵاتیان پێ دادەگرن تا مرۆڤ بتوانی لە کۆمەڵگاکەی دەوری هەبی.

هەڵسەنگاندنێکی سادە لە نیوان ئوروپای خۆرئاوا بە ڕێبەری سوسیالیستە دیموکراتەکان و ئوروپای خۆرهەڵاتی شۆرشگێر بە ڕێبەری شۆرشگێرانێک لە باری کۆمەڵایەتی ،ئابوری و تکنیکی و ... بە ئاشکرا نیشانیان داوە کە ئوروپای رۆژئاوا چ دەسکەوت گەلیکی بە نرخ و گەورەی بۆ خۆی و مرۆڤایەتی بە دەس هێناوە ، و ئوروپای خۆرهەڵات چەندە دوا کەوتوە.

بۆ وڵاتانێک کە ساڵیانێکە لە ژێر دیکتاتوری و ئێستبدا د وبیرەحمیدا ژیاون و یا دەژێن ناکرێ وڵاتانی ئوروپا کە ساڵهایە لە سیستەمی دیموکراسی دەژێن و پارلەمان و حکومەتی چەند حیزبیان هەیە کە پاش ماوەیەک لە لایەن خەڵکەوە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتێکدا هەڵیاند دەبژێرن و رەنگە بەر لە تەواو بوونی قۆناغ و دەورەی خزمەتیان لە لایەن خەڵکی نارازیەوە هەڵیان نەبژێرنەوە لە تای ترازوویەکدا ،دانین . لە وڵاتانی دیکتاتوری چونکوو وڵامی چکۆلەترین خواست و ئێعترازێکی خەڵک ئێعدام و ئەشکەنجە، سەرکوت، زیندان و سوکایەتی بە خەڵکە، ئەوان لە دەرفەتی گونجاودا تورە دەبن و تۆڵەی خۆیان لە زاڵمان دەستیننەوە. وەر گرتن و بە دەس هێنانی ئازادی و مافی سیاسی لە حکومەتێک وەک جمەوری ئیسلامی تەنیا لە ڕێگای دیالۆگ و قسە و باسەوە قەد ناکرێ و مومکین نیە. لە وانەیە کە خەڵکی و گیان هاتو بۆ روخاندنی حکومەتە دیکتاتورەکان لە ڕاپەرینی چەکدارانەش بۆ کاتێکی کورت کەڵک وەر گرن. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە بیر و رای گشتی ئامادە کرێت و هەموو ئاڵ گۆرە چاوەڕوان نەکراوەکان هەڵسەنگێندرێ و دەبی پەلانی گونجاومان بۆ هەموو ڕووداوەکان هەبیت . لە ئاوا هەل و مەرجێکدا شتگەلێکی بنەرەتی وەک جموجوڵی بی بەرنامە لە کەمترین ئاست و تێکۆشانی جیدی بۆ بەرگرێ لە درێژ بونەوەی ئەم قۆناغە ، بەرگری

له ئێعدامه خێراکان و تۆڵه سەندنەوە ی شەخسی و بنەماڵەیی، بی سەرە و بەرەیی ، ئاگر تی بەردانی بینا گشتیەکان، تەنانەت بەرگری لە تالانی سەروەت و سامانی سەرکوتگەرانی جەنایەتکار زۆر پێویستە .

## دونیای ئەمرۆ

دونیای ئەمرۆ ئێمکاناتێکی بی وێنەی بۆ ژیانێکی خۆش بژی تر و ئەمن تر بە کۆمەڵگای ئێنسانی بەخشیوە. ئەم ئێمکاناتە گەورەیە بەرهەمی فەن و تکنیکی مودێرن و پێشکەوتوە. بەڵام ئەم ئێمکاناتە وەک جاری جاران زۆر نابەرابەر لە نیوان ئێمەدا بەش دەکرێت. هەر بەم بونەوە دونیای ئەمرۆ زۆر تر لە پێشوو بە روونی و ئاشکرا جیاوازی و کەلینی قوڵ لە دابەش کردنی بەرهەمەکانی ژیان و دەسەڵاتدا لە نیوان ئێنسانەکان و وڵاتەکان نیشان دەدا.

خالّی تایبەتی ئاڵ و گۆرەکان و پێشکەوتوویی ئێستا دژبەیەکی و دوولانە بوونە. لە لایەک هەندی وڵا ت خەرێکی پێشکەوتن چونەتە جەرگەی وڵاتانی پێشکەوتوو و ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵکی دونیا لەم گەشە و پێشکەوتویە بەهرەمەندن. بەڵام لە لایەکیترەوە جیاوازی و کە لین لە نیوان وڵاتانی فەقیر و دۆڵمەن دا ئیستا هەر زۆر قوڵە. شێوەی بەرهەم هێنانی مودێرن و ئاسان، زانیاری و زانست سەبارەت بە دەوا و دەرمان و ... ئاستی نابەرابەریەکانی زۆرتر کردوە . لە بەشی دەوڵەمەندی دونیا جیاوازی و کەلینەکان قوڵ تر و بەر بڵاوتر دەبن و دروست بوونی دوورگەکانی هەژار نشین و ناچار کردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بۆ گوزەران لە پەراویزی کۆمەڵگاکان خەریکی پەرەسەندنە.

لە لایەکی ترەوە ژمارەیەکی زۆرترلە هەموو کاتێک دەتوانن بە ژیانی هەڵبژاردەی خۆیان بگەن. و هاوکات بی هیوایی، نائومیدی، و تاقەت نەهێنان لە نیوان ژمارەیەکی زۆر کە لە دەرەوەی بازاری کار، خۆیان دەبینەوە و لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی لە پەراویزدان، روو لە گەشەیە. دیموکراسی زۆر تر لە هەموو کاتێک لە مێژودا پەرە و گەشەی سەندووە. بزووتنەوە دیموکراتیکەکان لە وڵاتانی دیکتاتوری بە شێوەیەکی ئاشکرا و زەق روو لە گەشەیە.

بەڵام دیموکراسی هاوکات دەبی دژی سەرمایەداری کە هەرەشە لە دەسەڵات و بەرەنگاری دیموکراسی دەکات، راوەستێت. دیموکراسی دەبی دژی بیر و بوچونی ناسیونالیستی، بزووتنەوەی بیرورای نە گۆر و فوندمانتال، سوکایەتی و هەڵسوکەوتی نیژادی کە هەموویان بە شێوەیەک خزمەت بە دیکتاتوری دەکەن راوەستێ. دیموکراسی دەبی لە گەڵ کێشە دەرونیەکانی خۆی بەربەرەکانی بکات چونکوو ژمارەیەک لە جەماوەری هەڵبژێنەر و بەکاربەران هەست دەکەن ئاستی کارلیکەریان لە سەر دەسەڵات کەمتر بوەتەوە.

بە هۆی نە بوونی ئاسایش، شەر، بیکاری، قات و قری و هەروا بە هۆی سوخوری بی سنوری کومپانیاکانەوە کە تێکدانی ژێنگەی بە شوێنەوەیە و سەرەنجام لافاو و رە شەبای توندی لی دەکەویتەوە و نەخۆشینە سامناکەکان و ... ئاوارە بوون و ژیانی تاراوگە لە دونیادا روو لە گەشەیە. بە تێکرا کۆچ و پەنابەری بەردە وامە و ئەو وڵاتانەی کە پەنابەر وەر دەگرن لە زۆر بابەتی کولتوری و... دەوڵەمەند بونەتەوە. لە لایەکی ترەوە لێ ناهاتویی ئەو وڵاتانە بۆ کەڵک وەر گرتنی پێویست لە کولتورو فەرهەنگ و رەگەزە جیاوازەکان، پەنا بەرانیشی خستوەتەوە قەراخ و پەراوێزەوە. حوزووری پەنابەران و هاو کات دوور کەوتنەوەی ژمارەیەک لە خەڵکی بوومی وڵات لە بازاری کار ئەو هەل و مەرج و فاکتورانەیە کە زەمینە بۆ گەشەی جەریانە راستە پۆپۆلیستەکان بە بیر و بۆچونی ناسیونالیستی و راسیستیەوە خۆش کردووە.

کەم کردنەوە چەکی ناوەکی روو لە زیاد بونە. تەواو بونی شەری سارد تێکهەڵچونی نیزامی لە نیوان ئەم وڵاتانەی کەم کردەوەتەوە. بەڵام لە لایەکی ترەوە تێکهەڵچونی نیزامی و ناخۆیی لە نیو هەندی وڵات و تێک روخانی وڵاتانی خۆرهەڵات لە سوڤیەت بوتە هۆی نەمانی ئاسایش، و ئەمنیەت. شەرە خوێناویەکان لە ناو هەندی وڵات قوربانی زۆری لیکەوتوتەوە، بە جۆرێک هەزاران کەس گیانیان لە دەس داوە. و ئەم شەرە سامناکانە بۆتە هۆی ئاوارە

بوونی میلیون ها ئێنسان له ماڵ و ژیانیان و ناچار کراون وڵاتی خۆیان به جێ بێڵن، و ژێر خانی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانه ئەوەنده زیانی قورسی لیکەوتوه که تا داهاتوویەکی دوور ئێمکانی بوژانەوه و چاک سازیان مەیسەر نیه.

له داهاتوودا کەڵک وەرگرتنی زانایانه له سەروەت و سامانی سروشتی کورەی عەرز، مەرجێکی بنەرەتی بۆ ژیانی مرۆڤه. گیر و گرفت و کێشەکانی ژینگه گرینگی زۆرتر و زۆرتری له سیاسەتی نەتەوەیی و نیونەتەوەیی پەیدا کردووه. بەڵام ئیکۆسیستمی کورەی عەرز وەک جاری جاران و به تایبەت له وڵاتانی سەنعەتی به بونەی شێوەکانی بەرهەم هێنان و مەسرەفەوه به توندی له ژێر گوشاردایه. گۆرین و ئاڵ و گۆری ژیر خانی ئێقتسادی و کۆمەڵایەتی ئیستا بۆ ژیرخانی گونجاو له گەڵ ئێکۆلۆژیدا کارێکی زۆردژوار و پرخەرجه.

له نیوان ئەم دژ بەیەک و دوو لایەنه بونەدایه که خەباتێکی دژوار له نیوان دەسەڵاتی سەرمایه و دەسەڵاتی دیموکراتیک، له نیوان خواستی خەڵک و پێویستیەکانیان و خواستی سەرمایه که کێشەیەکی کلاسیکه به شێوەیەکی روون و ئاشکرا دیاره. هەل و مەرجی بەرهەم هێنانی نوێ که له شۆرشی ئیلیکترونی و تکنیک له مەیدانەکانی وەک تۆری ئێلکترونی و گەیاندنی زانیاری خێرا، کامپیوتر،ئوتوماتیک کردنی بەشی سرویس و بەرهەمی کارخانەکان به یارمەتی رۆبوتەکان و ... بەربەرەکانێ و دژایەتیەکانی زۆر تر کردووه و بیر و رای تازەی بۆ هێزەکانی دیموکراتیک و سوسیالیست دەستەبەر کردووه.

بەڵام ئەمانه ناتوانن گشت راستیەکان باس کەن. تەنیا سەرمایه نیه که دەبیته هوێ قوڵبونی ناکۆکی له نیوان چینه کانی کۆمەڵگای وڵاتەکان، بەڵکوو وڵاتانی دەوڵەمەند بۆ بەرژەوەندی خۆیان به شێوەی مودێرن که جار و بار کۆلۆنیالیسمی مودێرنی پێ دەگوترێ، ئامانج و بەرژەوەندی خۆیان له رێگای دیواری گومرکی، پاتینت وەرگرتن بۆ دەسکەوتی نوێ عیلمی له دونیا، قەرزی له راده به دەر زۆر، هاورده و ناردراو و ... به وڵاتانی هەژار دادەسەپێنن و له بورای کۆمەڵایەتی و سیاسیەوه جیاوازی له نیوان وڵاتانی دەوڵەمەند و هەژار زۆرتر دەبی. قیمەت و گوشاری جیاوازیەکانی وڵاتانی دەوڵەمەند و فەقێر زورتر به سەر خەلکی هەژاری وڵاتانی فەقیردا داسەپێنراوه.

تەنیا سوخوری کورت ماوەی سەرمایه نیه که گیر و گرفتی جیدی بۆ ژینگەی ئەمرۆ خولقاندوه، بەڵکوو عادەت دانی خەڵک به کرینی بەردەوام و دەس پێوه نەگرتن له ژیانی رۆژانەیه که له لایەن بەرهەم هێنەران و فرۆشیارەکان بۆ فرۆشی کالاکان و قازانجی زۆرتر، پرۆپاگانده و جاری بۆ دەدەن، لایەنێک له موشکلەکەیه.

<u>ئەم عادەته دەکرێ له لایەن خۆدی کریار و بەکار بەرانەوه بگۆردرێ و بیگومان به هەڵویستی سیاسی و سەراسەریەوه گرێی نه خواردوه.</u>

تەنیا دەسەڵاتی ئێقتسادی نیه که ئێنسانەکان له هەل و مەرجی ئێقتسادی و کۆمەڵایەتی هه ژارانەدا رادەگرێ. گوشاری دوو جاره له سەر ژنان، نابەرابەری له نیوان نیر و مێی ناو هەموو توێژ و چینەکانیشدا هۆیەکی سەرەکی و گرینگه. دیاره ئاڵ و گۆرەکانی ئەمرۆ سەرەرای کێشەکانی پێویسته و بۆ به دەستەوه گرتنی ئێمکاناتی هەر چی زۆرتر و ئەو هۆکارانه که دەبیته هۆی دروست بونی کەلینەکانی ناو دەسەڵات و ئازادی و ئاسایش و عەدالەتی گەشه پێ دەدەدا و دیموکراسی بەر فراوان و به هێز دەبێت، دەبێ زۆرتر ئاگاداری لێ بکرێت و خۆی پێوه خەریک بکرێت.

## شێوەی بەرهەم هێنانی نوێ

ئابوری و بازاری کار له سەر هەموو کۆمەڵگا کاردانەوەی هەیه. کاتێک که کەرەسەی نوێ و شێوی بەرهەم هێنانی سەنعەتی هاتنه ناومەیدانی بەرهەم هێنانەوه، تەنیا شێوەی کارکردنیان نه گۆرا، بەڵکوو هەموو کۆمەڵگایان ژیر و روو کرد. بەرهەمهێنانی نۆی شێوەی تێگەیشتن و دەرکی مرۆڤەکانی له خۆیان و دونیا گۆریوه. هەل و مەرجی ژیانی رۆژانه و هەموو شکڵ و رێکخراوەی کۆمەڵگا گۆردرا. دەسەڵاتی ئێستبدادی و ملهوری پاشاکان، ئەعیان ،و ئەشراف بۆ دەسەڵاتی حکومەت و پارلەمانی هەڵبژادەی خەڵک گوازرایەوه.

به هەمان شێوەی ئەمڕۆیش ئاڵ و گۆڕە علیمی و فەننیەکانی هەل و مەرجی بەرهەم هێنان، بازرگانی، کار و هەموو کۆمە لگا گۆڕاوە و دەگۆڕدری. سەنعەت هەروها وەلامدەرەوەی بەشی گەورەی بەرهەم هێنانی میللی لە ولاتەکانە، بەڵام لە هەمان ئاستدا دەوری سەنعەت بۆ کەم کردنەوەی بیکاری و پێک هێنانی کار و شوغڵی تازە کەم بوەتەوە.

بەشی ڕوو لە گەشەی خزمەتگزاری و سرویسی نوێ لە ئاستی جۆرواوجۆر ڕۆژ بە ڕۆژ دەورێکی گرینگ تر لە پێک هێنانی کاری تازە هەیە و شێوازی جیا جیا و ڕەنگاورەنگی لە شوێنی کار و ڕێکخراوەکانی کار پێک هێناوە و پێک دێنی. چاوەڕوانی و ئارەزوو لە ئاستێکی بەرزی زانست، و عیلم و لیهاتوویی فەننی و تکنێکی لەم بازاڕە نوێ یەدا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە گەشەیە.

شیرکەتە گەورەکان ئەنترناسیونالیزە و دونیا گیر دەبن و هاوکات ژمارەی شیرکەتە چکۆلەکانیش ڕوو لە گەشەیە. تکنێکی تۆڕی ئەلکترونیکی کامپیوتر(ئینترنت) هەر ڕۆژە لە گرینگی سنووری ولاتەکان و دەوری جوغرافیایی کەم دەکاتەوە و ئیمکاناتی زۆرتر و کراوەترێک بۆ بازرگانی و هاوڕەوتی ئێقتسادی پێک هێناوە. بە خیرایی پارە و دراو بۆ هەموو گۆشە یەکی جیهان دەنیردرێ و بەرهەم هێنانی شیرکەتێک لە بەشە جیاجیاکانی ولا تێک و یا چەند ولات زۆر بە ئاسانی هاوئاهەنگ و هاو ڕەوت دەکرێ. کانالە چاک و کارتێکەرەکان بۆ ئاڵ و گۆڕیی خیرای زانست و زانیاریەکان، هاوردە و هە ناردە کراوەتەوە و دەکرێتەوە. شیرکەت و ئێشی بەتەواوی نوێ لە گەشەدایە و هاوکات شێوە و شکڵی کار لە کاناڵەبەرهەم هێنانەکانی کۆن و خاوەن ئەزمون و جی کەوتو لە حاڵی گۆڕاندان.

ئاڵ و گۆڕ لە ئابوری،تکنێک و شێوەی بەرهەم هێنانی نوێ قەوارە و فورم گەلێکی تازەی پێک هێناوە کە خواست و ویستی تازەی لە بەرانبەر سیاسەتی مودێرن داناوە.

ئیمکان و هەل و مەرجی تازە بۆ بەدەس هێنانی بەرابەری و عەدالەت خولقاوە و هاوکات گیر و گرفتی کۆمەلایەتی و نابەرابەریە تازەیش پێک هاتوە. ئەنترناسیونالیزە بوونی ئابوری ئەنترناسیونالیست بون لە سیاسەت و ڕێکخراوەکانی کرێکاری دەخوازێت.

سیاسەت و ڕێکخراوی تازە پێویستە و دیموکراسی بەرەوڕوی تاقی کردنەوەی تازە یە.

جگە لە تکنێک و ئێقتساد، فاکتورگەلێکی تریش لە سەر کۆمەلگا کارلیکەریان هەیە و لە سیاسەت وانان، سیاسەتی تازەی دەوێ. لە ولاتانی پێشکەوتوو ئاسایش و دەسکەتەکۆمەلایەتیەکان دەرفەتی بە هاوولاتیان داوە کە سەر بە خۆ سەبارەت بە ژیانی خۆیان بڕیار بدەن و بیرکەنەوە.

بەرابەری ڕوو لە گەشەی نیوان ژن و پیاو دەرفەتی هەلبژاردنی کەسەکانی بەر بلاو کردوە و تێڕوانینی کەسەکانی سەبارەت بە یەکتر و خویانی گۆڕیوە. هەموو ئەمانە دەستیان لە دەست یەک ناوە و بە خیرایی فورم و ملهوڕی کۆنیان تێک دەشکێنن و فورمی تازەیان لە پەیوەندیەکانی بنەماڵەیی، کۆمەلایەتی و بەرهەم هێنانیان خولقاندوە.

## دەسەلاتی کاپیتاڵ(سەرمایە)

لە نەزم و پەرگالی بەرهەم هێنانی سەرمایەی خوسوسیدا قازانج و سوودی سەرمایە لە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندی و پێداویستیەکانی تری مرۆڤ دانراوە. چونیەتی بە دەس هێنانی قازانج و ئەو هەزینەگەلە کە بۆ بە دەس هێنانی قازانج بە سەرکۆمەلگا و مرۆڤ و ژینگەدا دادەسەپێ هەرگیز لە بەر چاو ناگیرین. حیزبە سیاسی و ڕێکخراوە کرێکاریەکان ماوەیەکی دوور و درێژە کە لە بەرانبەر قازانجی یەک لایەنە سەرمایەداراندا ڕاوەستاون، بەلام ئەم بەرەنگاریە لە پرۆسەی ئاڵ و گۆڕە تازەکاندا زۆر کز و لاواز کراوە.

ئێستا سەرمایە کەمتر بە بناغە و ژێرخانی وڵاتی ومیللی گرێ دراوە. بەڵام حیزبەکان و رێکخراوەکرێکاریەکان هێشتا لە سنووری بەر تەسکی وڵاتی خۆیان ماونەتەوە. بەو ئەندازیە کە سەرمایەی ماڵی و قازانجی لە بەرهەم هێنانی واقیعی و ڕاستەوخۆ ی کالاکان ئازاد دەبی (بە هۆی شاردنەوەی سەرمایە لە فوندەکان لە ژێرناوی خوازراودا و دانی بەشێکی چکۆلە لە قازانجەکە بە کرێکاران) بە هەمان ئەندازە لە سەر ئێشە، بەرەنگاری و ڕاوەستانی هێزی ڕوو دەر ڕوو یانی رێکخراوە کرێکاریەکان کە گرێ دراو بە کار و بەرهەم هێنانی ڕاستەوخۆ، ئازاد دەبی.

ئەم وەزعە دەسەڵاتدارەی سەرمایە، لە لایەک نەتوانینی سەرمایە بۆ کەڵک وەر گرتنی چاک لە هەل و مەرجی ماڵی بە قازانجی خۆش بژی کۆمە لایەتی و لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی و توانینی سەرمایە بۆ پێک هێنانی نا بەرابەری قوڵی ئابوری و کۆمەڵایەتی بە ئاشکرا نیشان دەدا. قازانجی خیراو کورت ماوە ی سەرمایە، بوەتە هۆی ناپایداری ئێقتسادی جیهانی و لە زۆر بابەتەوە گیر و گرفتی جیدی لە ئابوری هەندی وڵات پێک هێناوە.

خڕ بونەوە و دروست کردنی شیرکەتی گەورەتر لە فورمی ئێتحادیە و کارتلەکان، ناوەندی ئابوری گەورە دوور لە دەسەڵات و کونترۆڵی دێموکراتێکی کۆمەڵگا پەرە دەدا. لە وڵاتە هەژار ەکان مرۆڤ ناچار کراوە تا لە هەل و مەرجی زۆر نالە بار و تاقەت پڕوکین و بە حەق دەستی کەمەوە کار بکات. لەم وڵاتانە تێکۆشان بۆ خۆ ڕێکخستن لە ئێتحادیە و رێکخراوە کرێکاریەکان بە شێوەیەکی وەحشیانە سەرکوت دەکرێ. لە وڵاتانی دەوڵەمەند ئێشی کرێکاران کە زۆر سودی نیە دەکەونە دەرەوەی بازاڕی کار و پاشان بیکار دەبن.

هاوکات بە هۆی گەشەی سەر سوڕ هێنەری خیرایی کار، ژمارەیەکی هەر چی زۆرتری ئێنسانەکان، لیهاتوی و تەندروستیان لە شوێنی کار خەسارەت و زیان و زەرەردەبینن. پیس بونی ژینگە بە تایبەت لە وڵاتانی هەژار بە خیرای ڕوو لە گەشەیە. سووخوری بیشرمانەی کاپیتاڵ و کەمتەرخەمی و هەستیار نە بوون دەر حەق بە نەسڵی داهاتوو لەم وڵاتانەدا، دەر هێنانی پەسا پەسای کانە سروشتیەکان بە شێوەیەکی سەر سورهێنەر بەردەوامە.

لە دونیای سەرمایەداری تەنیا پارە و گەشەی ئابوری، پێوەری چاکی و خراپی بار و دۆخی کۆمەڵگایە. نرخ و بەهاکانی ئێنسانی وەک هاودڵی و هاودەردی و لایەنگری ئێنسانەکان لە یەکتر وەک زیندەورانێکی کۆمەڵایەتی کە لە باری ماددی و مەعنەوی بە یەکتر پێویستیان هەیە تا ئاستێکی ژمارەگەلێک کە نیشاندەری میزان و دەرەجەی چاکی و خیرایی لە بەرهەم هێنان و "بە قازانجە بوون" هینراوەتە خوارەوە.

وەک کالای مەسرەفی چاو لە هیزی کار دەکرێت. پیویستی منداڵان بۆ ئەوەی لانی کەم چەند سەعات لە ڕۆژدا لای دایک و باوکیان بن بە بۆنەی پێویستی بازاڕی کار بە هێزی کاری دایک و باوکیان کەوتوەتە پەراویزەوە و لە بەر چاو ناگیرین . ئارەزو و نیازی سروشتی مرۆڤ لە مەیدانی هاودڵی و نرخ دانان بۆ یەکتر بوتە شتێکی بە ڕاستی تجارەتی و لەش فرۆشی پیاو و ژن لە کۆمەڵگادا کارێکی ئاسایە و بی سنوور پەرەی سەندوە.

ئاکام و زیانی ئەم چەشنە پەیوەندیانە بە هەمان ئاستی زیانەکان کە لە ناتوانی سەرمایەداری بۆ بە کار هێنانی ئێمکاناتی ئابوری و کانەکان بە مەبەستی و دیهێنانی پیداویسیەکانی مرۆڤ زەرەرمەند و سامناکن و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان سارد و سڕ، ملهوڕانە، بی باوەڕ و بە یەکترمتمانە نەکردن دەخۆلقینی وگەشە دەدات.

دەسەڵاتی تازەی سەرمایە داری بە هێچ شێوەیەک هەموو ئاڵ و گۆڕەکانی ناو کۆمەڵگا نیشان نادا. سوخۆری سەرمایە داری پەیوەندی بە فاکتۆر گەلێکی گرینگ لە دەور و بەری خۆی وەک: یاساکان، دایرە دادپەروەریەکان، و ژێرخانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کە تەنیا لە ئورگانە کۆمەڵایەتیەکان وەک قوتابخانەکان و زانکۆکان، ڕێگا، خەتی ئاسن و ڕێگا وبان وئرتەباتات و پەیوەندیەکانی تەلەفونی و ئەلەکترونیکی و... ئیمکانی پێک هاتن و پاراستنیان هەیە، کرێکاران و کارمەندەکان کە بە هێزو توانای خۆیان هەموو کالاکان و خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان پێک دێنن و دەیخەنە بازاڕ، بە کاربەران کە بە کڕین و خواستنی خۆیان هەزینەی بەرهەم هێنانی کالاکان دەدەن، بە توندی گرێدراوە. ئەم گرێدراویە لە کۆن و هەمیشە بوە بەڵام لە شێوەی بەرهەم هێنانی تازە ئەم گرێ دراویە بە زۆر زۆرتر بوە.

شێوەی بەرهەم هێنانی تازە بە زۆر شت وەک تکنێک و فەنی زۆر پێشکەوتوو، ژێرخانی پتەو و محکەم کە تەنیا هەموو کۆمەڵگا دەتوانیت بە جێ بەهێنی تا لە ئاستێکی بەرزدا ڕاگیردری، لیزانی و کارامەیی بەربڵاوو لە ئاستی بەرزدا لای هێزی کار و داواکاری تازە لە لایەن بەکار بەرانەوە بۆ کالا و خزمەت و سرویسی تازە، پێویستی هەیە.

هەموو ئەمانە بە هەموو ئیمە وا کار دەکەین و بەکاربەرین و خاوەنی سەرمایە نین هەل و مەرجی زۆرمان پێ دەبەخشێ تالە سەر شوێنی ژیان وکار ودەور و بەرمان کاردانەوەی بیت و لە پێناو و بەرەو بەرژەوەندی کۆمەڵگا سەرمایە وەگەڕ خەین.

دیموکراسی مرۆڤگەلێکی کە خوازیاری کار تیکردن لە سەر ژیانی خۆیانن و ئێجازە نادەن بە شوین مەیل و خواستی سوخوری سەرمایە کە پەیوەندی بە ژیانیانەوە نیە و توانای کارتیکردن و هیدایەتی ئەم خواستانەیان نیە دروست کردوە. بیر و باوەڕ و بە هاکانی دیموکراتیک لەم چەند دەیەدا پەساپەسا ڕوو لە گەشە بوە وئەمە خۆی بە دەسەلات ترین هێزی بەرەنگاری و خەبات لە بەرانبەر سەرمایەدایە کە دەیەویت بە تەنیا خۆی ڕیبازی ئاڵ و گۆڕە کۆمەلایەتیەکان دیاری بەکات.

ئێستا هەموو هێزە خەباتکارەکان لە حاست سەرمایەی جیهانی و گلوبال لە حالی گەشە و سەرهەڵدانی زۆرتردان. سیاسەت و ڕێکخراوەکانیش خەریکی خۆ ڕێک خستنی خۆیان بە مەبەستی هەڵسوڕان و هاوکاری نیو نەتەوەین. حکۆمەتە میللیەکان بە مەبەستی بەرگری لە سوخوری کورت ماوە و خێرای سەرمایە خەریکی گۆڕانی دایرە ئابوریە و سیاسیەکانی خۆیانن. ڕێکخراوە کرێکاریەکان لە حالی دۆزێنەوەی ئێستراتژی نیونەتەویی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ سیاستە تازەکانی سەرمایەن بۆ نمونە گواستنەوەی کار لە ولاتانی دەولەمەند بەرەو ولاتانی هەژار کە بوەتە هوی بیکاری کرێکاران لە ولاتانی دەولەمەند و هاوکات ژیانی تاڵ و هەل مەرجی سەخت و دژواری بە سەر کرێکارانی ولاتانی هەژاردا سەپاندوە.

بزووتنەوە جەماوەری و دیموکاتێکەکان وەک لایەنگرانی ژینگە،ئاشتی،ڕاوەستان لە بەرانبەر نەخۆشینە بی سنورەکان لە ولاتانی هەژار،فرۆش و کرێنی مرۆڤ ( کۆیلەداری نۆی)،ڕاوەستان لە بەرانبەر مادە سرکەر و هوش بەرە کان و لەش فرۆشی و...بە کەڵک وەر گرتن لە ئامێری خێراو مودێرنی هاوچەرخ خەریکی کار کردن لە سەر بیر و ڕای گشتی وریکخستنی ئاکسیونەکانن.

کاردانەوەی کاربەران دژی شیرکەتە فرە نەتەویەکان لە هەندی بواردا شیرکەتەکانی ناچار کردوە کە لە ولاتانی هەژاردا سەبارەت بە کرێکارانی خۆیی بەر پرسیارەتی کۆمەلایەتی زۆرترێک وەک بار و دۆخی کار و بیمە و خانە نشینی لە ئەستۆ بگرن. تیکۆشان بۆ پاراستنی ژێنگە و پێداچونەوە و ڕێکخستنی شێوەی بەرهەم هێنان کە لە گەڵ پوتانسیڵی سامان و سەروەتە سروشتیەکانی کورەی عەرز لە باری ئێکۆلۆژیەوە یەک بگرنەوە ولە جی هێشتنی دونیای پڕ لە خەوش و خاڵ بۆ نەسڵەکانی داهاتوو دووری کرێت،هێزێکی زۆر گەوەرەی لە دەوری خۆی کۆ کردوەتەوە ولە بەرانبەر سوخۆری هەوسار پچڕاوی سەرمایەداری لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرەنگاری دەکات.

هەل و مەرج وبار و دۆخەکان لە زۆر لایەنەوە لە گەڵ دەورانی شۆڕشی سەنعەتی لە دوو سەدەی ڕابوردوودا، لە یەکچونی زۆری هەیە. دیاردەی سەرەتایی ئەو دەورەیە بریتی بوو لە دابەش کرنی نابەرابەری دەسکەوت و بەرهەمە تازەکانی مرۆڤایەتی کە شێوەی بەرهەم هێنانی تازەی ئەو دەورانە لەگەڵ خۆی هێنابوی. زۆرتر لە هەمووان گروە گەلێکی سەرمایەدار کە کونترۆڵ و سوهێنانی سەرمایەی مالی و سەنعەتیان بە دەستەوە بوو دەسەلاتداتر و بە هێزتر بوون.

بەلام لە کۆمەڵگای سەنعەتی ئەو دەورە لە هەڵسەنگاندن لە گەڵ کۆمە لگای پێشوی خۆیان هە ل و مەرج و بار و دۆخی لە بار بۆ ژیانی باشتر بۆ هەموو ئینسانەکانی کۆمە لگا پێک هێنابوو. ئەم بار و دۆخە چاکترە ( لە هەڵسەنگاندن لە گەڵ دەورەی ڕابوردوو) هێزی ماددی و مەعنەوی، بوار و ئێمکانی تیکۆشان بە مەبەستی هێنانە خوار و کەم کردنی کەلێن و جیاوازیە قوڵەکانی سەبارەت بە دابەش کردنی سەروەت و سامان و دەسەلاتی کۆمە لگای بە مرۆڤە کانی ئەو سەدەمەی دا. بزووتنەوە کرێکاریەکان خۆیان لە ڕێکخراوە سیاسی و گوروهیەکان ڕێک خست و بە خێرایی

له بەرانبەر حکومەتەکانی کەمینە سەرمایەداران ڕاوستان و چەند خواستێکی سیاسی و ئابوریان بە سەر سەرمایەداران داسەپاند.

بە هەمان شێوەی دوو سەدەی ڕابوردوو، بەرهەمهێنان و تیکنیکی تازەی هاوچەرخیش ئێمکان و دەرفەتی دیموکراسی و ژیانی باشتری دەستە بەر کردووە. ئێستاش وەک دەورانی شۆڕشی سەنعەتەکان ئەم گەشە بە گشتی لە لایەن سەرمایەدارانەوە کە کونترۆڵی سەرمایەکانیان لە دەستدایە کەڵکی لی وەر دەگیرێت وبوتە هۆی پێک هێنانی زۆرتری کەلین و نابەرابەری لە کۆمە ڵگاکاندا. بەڵام شێوەی بەرهەم هێنانی تازە دەرفەت و ئێمکانی بەرانبەرکێ لە گەڵ خۆی بۆ کرێکاران و موچەخۆرانی ئەم دەورەیە بە دیاری هێناوە. ئێستاش وەک دەورەی پێشوو ئەو هێزو و ڕەوتە کە بتوانی بەرژەوەندی زۆربەی کۆمەڵگا لە خۆی کۆ کاتەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر وکونکریت کە ئەمڕۆ ئێجرا و گەڵاڵە کرێت بە هێز و بە هێزتر دەبی.

هێچ ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری سەرەنجام ناتوانی ڕاوەستێ و درێژە بە مانی خۆی لە حاست بزووتنەوە کۆمە لایەتیەکان بدات. دەس بە سەرا گرتنی دەسەڵات لە ژێر چنگی سەرمایەداران کێشەیەکی هەتا هەتایە و خۆلێلانەدەر و نەگۆڕ نیە. ئەم پرۆسەیە بە یارمەتی هەڵسوڕانی سیاسی و ئێتحادیەیی دەگۆڕدرێت. بار و دۆخی لە بار و ئێماکاناتی تازە زەمینەی گەشەی دیموکراسی و خۆش بژی دەستە بەر کردوە ،بەڵام مەیل و دەسەڵاتی سیاسی بۆ گۆڕینی ئەم پرۆسەیە پێویستە. ئێمە دەبی بەشێکی لەم هێزە سیاسیە بین کە لە گلۆبالیزم وەک ئامێرێک بۆ گەیشتن بە دیموکراسی، خۆش بژی و بەرابەریی کۆمە لایەتی بە شێوەیەکی چاک کەڵک وەرگرین.

# چینە نۆێیەکان

مەفهومی "چین" جیاوازیە سیستەماتیکەکان لە بار و دۆخی ژیانی ئێنسانەکان کە سەرچاوەی لە هەلومەرج و بار و دۆخی بەرهەم هێنانە و لە هەموو مەیدانەکان لە سەر ژیان کار دانەوەی هەیە، باس دەکات. جیاوازیەکان بریتین لە دەسەڵاتی ماڵی، ئاستی کار تیکردن لە سەر کار و ژیانی خۆی و ئاستی کارتیکردن و دەخالەت لە کار و باری کۆمەڵگایەک کە ئێنسانەکان تیدا دەژین.

لە وڵاتانی دەوڵەمەند و پێشکەوتوو، دیموکراسی و ژیانی خۆش، کەلینە کۆمەڵایەتیەکانی لە ناو کۆ مە ڵگا کەمتر کردوەتەوە. بەڵام هەروا جیاوازیە قوڵ و گەورە کە سەرچاوەیان لە بار و دۆخ و شێوەی بەر هەم هێنانە، لە نەینی ئینسانەکاندا هەر بەردەوامە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بوحرانی ئابوری دیەی ١٩٩٠ بوتە هۆی دیسانەوە زۆرتر بونی ناکۆکیە چینایەتیەکان. نابەرابەری لە هەموو ئاستەکانی ژیان وەک مافەکان و هەلومەرجی کار، وەزعی تەندروستی، خوێندنی منداڵان، خانو و بەرە و ئاستی بوونی ئێمکانات و حەسانەوە لە کار دەبیندرێ.

ئێستاش ناکۆکیە چینایەتیەکان وەک ڕابوردوو بە مانای داسەپاندنی بەرتەسکی زۆر گەورە لە پێش ئیمکانی گەشە و پێشکوتنی ئێنسانەکان و بەشداریان لە ژیانی کۆمەڵایەتی بە هەلومەرج و بار و دۆخی یەکسانەوە هەیە. جیاوازی و کەلینی بنەڕەتی لە نیوان ئەو کەسانە کە سەرمایەی گەورەیان لە بەر دستدایە و کەسانێک کە تەنیا خاوەنی هێزی کاری خۆیانن، دایە. ئەم جیاوازیە لە نیاوان کار و سەرمایە پایەی بنەڕەتی لیکدانەوەی چینایەتی"باو" لە کۆمەڵە گادا پێک دێنی.

بەڵام شێوەی بەرهەم هێنانی تازەی ئەمڕۆ هەر دوو فاکتۆری سەرمایە و کاری گوڕاوە و لە سەر خەسڵەت و تایبەتمەندیی چینەکانی باویش کارتیکردنی بووە. ئاڵ و گۆڕەکان بەرەو چەند لایەنی جیاوازەوە کراوە. لە هەندی لایەنەوە جیاوازیەکان و بەرانبەرکێی لە نیوان کار و سەرمایە خێرایی توندتری زیاتری بە خۆیەوە بینیوە. لە لایەنی ترەوە سنووری نیوان سەرمایە و کار زۆرتر دینامیک، بزوێنەر و نە وەستاوە وسەرمایەی ئێنسانی بە قەدەر سەرمایەی ماڵی گرینگ و دەوری دیاریکەری هەیە.

یەکێک لە ئاڵ و گۆڕە گرینگ و بنەڕەتیەکان بریتیە لە کز بونی ئاشکرای پەیوەندی ڕاستەوخۆی مالکیەت و بەرپرسی بەرهەم هێنان لە شیرکەتەکاندایە. مالکیەتی سەرمایە لە ژێر ناوی خوازراو وەک فوندی بەشەکان، فوندی خانە نشینی و شتگەلیکی لەم چەشنە ڕێک خراوە و خۆیان نهێنی و شاردوەتەوە. ئەم ئۆرگانانە بەشی هەرە زۆری سەرمایە کانیان پێک هێناوە و سەرمایەکانیان بە قازانجی خاوەنەکانیان دەخەنە گەڕ و دەیان پارێزن. چونە سەرەوەی مالکیەتی فوندەکان و... ئارەزوی سوهێنانی خێرای لە ماوەی کورتدا زۆر زۆرتر کردوە. هاوکات دەرفەت و هەڵسوڕانی خێرای سەرمایەدانانی نیونەتەوەیی بوتە هۆی چونە سەرەوەی خواستی سوهێنان و ئەندازەی بەشی سەرمایە لە سو و ئاکامی سەرمایە دانانەکانە.

ئەم وەزعە بە شێوەی جۆراوجۆر وەک خێرایی و پەلەی توندتر لە کار، دەرکردن و هەڕەشەی زۆرتر لە ماوەی کورت و کورتر ،کەڵک وەر گرتنی هەر چی زۆر تر لە دامەزراندنی کرێکار بە شێوەی کاتی لە پرۆژە گەلیکی کورت ماوە و... کارتێکردنی زۆر بەرچاوی هەبووە. ئەم ئاڵ و گۆڕە پێک هاتوە لە مالکیەت، دژایەتی و بەرانبەرکی سەرمایە و کاری زیاتر کردوە.

زۆرینەی ئۆرگانەکان کە سەرمایە لە وی خۆی ڕێک خستوە و شاردەوەتەوە لە فوندەکانی خانەنشینی و شیرکەتەکانی بیمەدا هەن کە لە پارەی کارمەندەکان و کرێکاران دروست بوە. ئەمە بەو مانایە کە ئێمکانات و بار و دۆخی تازە بۆ هەمووکارمەندان پێک هاتوە کە بە کۆمەڵ بتوانن لە سەر شێوەی کەڵک وەر گرتن و بە کار هێنانی سەرمایە دەوریان هەبی و تەئسیر دابنین. ئەم ئێمکاناتە تا ڕادەیەک بوتە هۆی "نەرم" بوونی ناکۆکی لە نیوان سەرمایە و کاردا و وەک ڕابوردوو نیوانیان گرژ و ناکۆک نایەتە بەر چاو.

زانست و کارزانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە کاری بەرهەم هێنان گرینگی و قورسایی تایبەت و زۆرتری دەبی. سەرکەوتنی شیرکەتەکان هەر چی زۆرتر بە ئاست و لیهاتویی و کارزانی هەڵسوڕانی کرێکارانی شیرکەتەکانەوە گرێ دراوە. شیرکەتەکان پێویستیان بە کرێکارانی خوێندەواری پلە باڵا و زانکۆیی و تیکنیکی لە ئاستی بەرزدا هەیە. خواستی شیرکەتەکان لە کرێکارانی سەبارەت بە لیهاتویی و کارامەیی کۆمەڵایەتی کە توانای هاوکاری و کاری سەربەخۆ بە ئەرکی جۆراوجۆرەوە لە ئاستە جیاوازەکاندا هەبی زۆر چۆتە سەرتر. ئەمە بەو مانایە کە بە پێی بیر و بۆچوونی سوسیالیستی کلاسیک ئەم ژمارە لە کرێکاران دەتوانن کونترۆڵیان لە سەر کاری خۆیان بەرنە سەرەوە و بەم شێوەیە جی و شوینی خۆیان لە بواری ئابوریەوە بە هێزتر بەکەن. بەڵام ئاڵ و گۆڕەکان لایەنی تریشی هەیە. ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و کارمەندەکان و موچە خۆرەکان پەیوندیان لە گەڵ بازاڕی کار دەپچڕێ و نامێنی و بە توندی دەکەونە پەراوێزی کۆمەڵگاوە و ڕۆژ بە ڕۆژ هەژار تر و ناکۆکی نیوان سەرمایە و کار زۆر تر و زۆرتر دەبی.

فاسڵەی نیوان ئەو کرێکارانەی کە لە بازاڕی کار کەوتونەتە پەراویزی کۆمەڵگاوە و ئەو کرێکار و موچەخۆرانەی کە باری ژیان و شوینی کۆمەڵایەتیان باشترە روو زیاد بوونە. کرێکارانێک کە لە باری ئێش و ئابوریەوە خاوەنی جێ و شۆێنی باشترن ژیانێکی سەرەوەتریان بۆ خۆیان بەدەس هێناوە. ژمارەیەکی زۆر لەم گروپە هەم خاوەنی سەرمایەی زانست و لیهاتویی کە ئەمرۆ زۆرگرینگە و هەم خاوەنی سەرمایەی مالّی لە ڕێگای بەشەکان لە فوندەکانن. ئەم دیاردەیە وەک دروست بونی"چینی سیهەم" لە کۆمەڵگادا لە لایەن کۆمە ڵ ناسانەوە باس دەکرێ. خەتەری دروست بونی کۆمەڵگای(۲\۳ دوو لە سەر سی) یانی ڕێککەوتن و سازانی چینی خاوەن سەرمایە لە گەڵ چینی ناوەندی (سیهەم ) دژی چینی کرێکار کە لە بازاڕی کاردا ئاستکی کزی هەیە و کەوتوتە پەراویزەوە زۆرتر دەبی. ئەم ئاڵ و گۆڕانە هاوکات ئێمکانی دوو نەوع سازان و یەکگرتنی ئێستراتژێکی پێک هێناوە کە لە لایەک یەکگرتن دژی سەرمایەی هەر تەنیا سوخۆر و لە لایەکی تروە یەکگرتن لە بواری پاڵ پێوە نان و پێشەنگی کردن لە چۆنیەتی کەڵک وەر گرتن لە سەرمایە بە جۆرێک کە پێداویستیەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤ زەق دەبنەوە و دەبنە خاڵی ناوەندی.

## ئاڵ و گۆڕەکانی بزوتنەوەی کرێکاری لە سەردەمی ئێستادا

له دیەکانی هەوەڵی ١٩٠٠ دا خەبات بۆ مافی دەنگ دانی گشتی، ڕێکخراو بون له ئێتحادیەکان و فورمدان بە بیر و ڕای گشتی زە ق بوو. دیموکراسی سیاسی بە هاوکاری نزیک له تەک لیبڕالیزم و دژایەتی توند له گەڵ دووره‌په‌ریزان و پاونخوازان و سەرمایەداری پراکتیک کرا ومافی ڕێکخراو بوون بە سەر سەرمایەداراندا داسەپا.

دیموکراسی ئێمکانات و شێوەگەلێکی تازەی له هێنانەگۆڕی خواستەکانی کرێکاران نیشان دا کە له تیئوری کلاسیکدا چاو ڕوان نەدەکرا. ئەم ئێمکاناتە و شێوەگەلە بەرەو لایەک(جەهەت) جگە لەو لایە کە له لایەن تیئوری کلاسیکەوە هاتبووەگۆڕی، له سەر بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابوری کاردانەوەی هەبوو.

مافی مالکیەتی خوسوسی نە گۆردارا و مایەوە بەڵام له شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایە خسوسی کە سوخۆری بان تر له هەموو پێداویستیەکانی کۆمەڵگایە، ئاڵ و گۆڕی دیاری کراو و بەبایەخ پێش هات. کاتێک له پرۆسەی بەرهەم هێنان خواست و ئارزوەکانیتر له بەرانبەر خواستی سەرمایە هاتەگۆڕی، قەوارە و ڕێکخستنی کار، دابەش کردن و دابەشکاریێ ئاکامی بەرهەم هێنان و دەسەڵات له ڕادەیەکی زۆر له خاوەن سەرمایەوە بۆ کرێکارانی ڕێکخراو له ئێتحادیەکان، هاووڵاتیانی ڕێکخراو له ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکان، موچەخۆران و بە کاربەرانی ڕێکخراو له شیرکەتە تەعاونیەکان گویزرایەوە.

ئەم ئاڵ و گۆڕانە له یاسادانان،سیاسەتی ئابوری و دەسەڵاتی کاری ئیتحادیەیی، سیاسەتی کاریگەر له ئوستانداری،شارەوانی و کۆمونەکان(له هەر وڵاتێک ناوێکی هەیە)، بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخراوەکان سەرچاوەی دەگرت و شێوەی تازەی پێک هاتنی دیموکراسی پێ دەوڵەمەندتر دەبوو.

ئەمە بە نۆبەی خۆی بوو بە هۆی ئێمتحان و تاقی کردنەی دیسانەوەی تیئوری و نیشانی دا کە ئێتر لابردنی مالکیەتی ئامێری بەرهەم هێنان دیاری کەر نیە، بەڵکوو بڕیار دانی دیموکراتیک له سەر ئابوری دەوری دیاری کەری هەیە. داهاتوو وچاوەڕوانی دیموکراتیک له سەر دەخاڵەتگەری و هاوکاری بوو بە بنەما. یاساکانی کۆمە ڵایەتی بۆ سەرمایەداری، سیاسەتی ئابوری،گرێبەستە (قەرارداد) کۆیی و هاوبەشەکان له بازاڕی کار، یاسای کار ،یاسای بەکاربەران، گەشە و دەسەڵاتی شیرکەتەکانی بە کاربەرەکان وهاو قازانج و بەشی دەوڵەتی قەوی له سەر مالکیەتی کۆمەڵایەتی کە لەوی ئێنسانەکان و نە میزانی مەعاشیان بنەمای سەرەکی بۆ دابەش کردن بوو، پایە و بناغەی ماددی سیاسەتی دیموکراتێکی پێک هێنا بوو، دامەزرا.

ئێنسانەکان ئێمکاناتی دیموکراسیان بۆ چونەسەرەوەی ئاستی ئازادی، ئاسایش و عەدالەت (بە هەڵسەنگاندن له گەڵ دەورەی پێشووی ئەو کات) بە ئەزمونی شەخسی خۆیان بینیان. ئەزمونەکان له وڵاتانی خۆر هەڵات نیشانی دا کە مالکیەتی سەد له سەدی دەوڵەتی دروس بە پێچەوانەی ئاکامە ئاژمارە پێکراوەکان له سەرەوە ، بە زۆڵم و زۆر و ملهوری و نەبوونی ئازادی و ئاسایش و سانسور و بی عەدالەتی (بە هەڵسەنگاندن له گەڵ وڵاتانی دیموکراتیک) گەیشت.

ئەم ئەزمونانەدوورنمای دیموکراتیک کردنی ئابوری یارمەتی دا و دیسانەوە سەلماندی کە تەنیا بڕیاردانی دیموکراتێک دەوری دیاری کەری هەیە نە حەقی مالکیەت.

ئێقتسادی دیموکراتیک وەک سیاسەت دەبی هەڵگری ڕێگا چارەیە ک بیت کە نەهێڵیت دەسەڵات له چەند ئورگانی بەرتەسک کۆبیتەوە و له سەر ئاستی نەفوزی کرێکاران و بە کاربەران کە وەک هاووڵاتیانی تر ئێمکانی کارتیکردنیان له سەر بار و دۆخی کۆ مەڵایەتی بەرهەم هێنانی هەبی، پێ داگریت.

## بەرابەری

بۆ تێگەیشتنی بنەما و هۆی نابەرابەریەکان، ناکۆکی چینایەتی کە ڕیشەی لە ئابوری کۆمەڵگا و شێوەی بەرهەم هێنان و دابەشکاری پێویستیەکانی ژیاندایە دەوری زۆر گرینگ و ئەساسی هەیە. کە وایە دەبی هەموو سیاسەتە بەرابەری خوازەکان خەبات لە دژی ناوبڕ و کەلێنی چینایەتی تیدا بێ.

بەڵام دیاردەی بەرابەری بە ئاشکرا نیشانی داوە کە بونی زۆردار و بی زۆر تەنیا لە فاکتەرەکانی ناو شێوە و چونیەتی بەرهەم هێنان سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لە دەرەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانیش فاکتەگەلێک هەن کە خۆلقینەری زۆردارو بی زۆر لە کۆمەڵگادایە.

کەوایە تەنیا خەبات دژی نابەرابەری چینایەتی بۆ گەیشتن بە بەرابەری مرۆڤەکان چارەی دەردەکان ناکات، بەڵکوو دەبی دژی فاکتەگەلێکی دەرەوەی پەیوەندی بەرهەم هێنان کە یارمەتی دەری نابەرابەریەکانی ناوکۆمە ڵگایە ڕاوەستا. یەکێک لە بناغەکانی گرێنگ و سیستەماتێک هاڵاواردنی جنسیە کە زۆردار و بی زۆر لە نیوان هەموو ژنان و پیاوانی کۆمە ڵگا (بە چاوپۆشین لە شوینی چینایەتیان) پێک دێنیت، کە دەبیتە هۆی و بەردەوام بونی بار و دۆخی ژیانی نابەرابەری پیاوان و ژنانی ناو کۆمەڵگا. نە تەنیا لە نیوان چینەکاندا بەڵکوو لە دەرون هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بە سەرمایەدار و کرێکاریەوە بار و دۆخ و ئێمکاناتی ژنان لە پیاوان لە خوارەوە ترە و ڕێژەی ناوەندی داهاتی ژنان لە پیاوان کەمترە.

ژنان لە شوێنی کار لە گەڵ کێشە و گیر و گرفتی زۆرتر بە ڕەوڕو دبنەوە، لە وانە مەعاش وبەرپرسی کەمتر و هەروا دەرفەتی گەشەیان کەمترە. ژنان وەک جاری جاران بەرپرسیارەتی زۆرتریان سەبارەت بە کاری ناو ماڵ و بەخێو کردنی منداڵ و... هەیە. خواستی توند و دژوار لە لایەن بازاڕی کارەوە لە سەر ئەو بنەماڵانە کە منداڵی چکۆلەیان هەیە، بار و دۆخی نالە بار و سامناکیان بۆ دایکان و باوکان خولقاندوە. ئەم گوشار و گیر و گرفتانە بوتە هۆی ئەوە کە ژنان لە هەڵبژاردنی بەخێو کردنی منداڵ لە لایەک و لە لایەکی تر وەر گرتنی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی زۆرتر و ئێش لە دەرەوی ماڵ توشی دوو دڵی بن و یەکێکیان هەڵبژێرن. گوشاری بازاڕی کار ژنانی لە بەشداری فەعال لە کێشەکانی کۆمەڵگا و هاوکات نیشان دانی خۆیان وەک باوک و دایکانی هەڵسوڕاو لە خزمەت منداڵەکانیان مەحرووم کردووە.

شکڵ و فورم گەلێکی تازە لە هەڵاواردن، دژی ژنان کە دیسانەوە تیدەکۆشن وەک ڕابوردوو ژنان لە دەورێک کە پیاوان لە مێژە بڕیاریان بۆ داون بە ڕەو دوا ڕێنوینی کەن و مافە چەسپاوەکانی ژنان وەر گرنەوە، گەشەی کردووە.

زیاد کردن و پەرەپێدان بە هەل و مەرجێک کە لەشی ژنان تەنیا وەک ئامیریک بۆ رازی کردنی مەیلی جنسی پیاوان نیشان دە دات ژنە گەنجەکانی بە شێوەیەکی دڵتەزین خستوتە ناو بۆسە و لە سەر ئێش و و خوێندنیان کارتێکردنی نیگەتیڤ دادەنێ و ژیانێکی پڕ ئێش و ئازاریان بە دیاری بۆ دێنیت وکار دانەوەی جیددی لە سەر شەخسیەت و کاراکتر و ئێش و داهاتوویان دادەنێ.

لە ڕێگای گەشەدان و بردنە سەرەوەی زانست بۆ ژنان دەتوانین شێوەی بیر و بۆچونێک کە جیاوازیە کۆمە ڵایەتیەکان نیوان پیاوان و ژنان بە لە بەرچاو گرتنی جیاوازی سروشتی و بیولۆژێکی داناوە، وردە وردە بگۆڕین. لەم بار و دۆخەدا ئێمکان و دەرفەتی پێک هینان و گەشەی کۆمەڵگایەکی ئێنسانیتر، بە داهات و ئەرکی بەرابەر بۆ ژنان و پیاوان لە ژیانی بنەماڵەیی، ئێشی و کاری کۆمەڵایەتی پێک دێت.

کە وایە تەوزیح و شی کردنەوەی دەلیلەکانی هاڵاواردنی جنسی لە نیوان ژن و پیاو تەنیا بە هۆی جیاوازی و کەلینی چینایەتی بۆ چەپی ئەمرۆ هەرگیز ڕەوا نیە. چەپی ئەمڕو دەبی فمینیست بێت.

## دیموکراسی

به گشتی بار و دۆخی ژیانی ئینسانی تاک له کۆمه لگادا دیاری و دابین ده کریت. رۆحیەی هاوپشتی و هاوکاری و دیموکراسی له خواستی ئینسانه کان بۆدابین کردنی پیداویستیەکانی دوو لایەنەی یەکتر سەری دەرهیناوە. هەموو دەبی مافی کارتیکردنیان لە سەر کیشەکان کە لە ژیانی رۆژانەیان گرینگی تایبەتی هەیە، هەبی.

هەرگیز ناکری ژیانی ئینسانی تاک بە بریارگەلی سیاسی رینوینی کریت، بەلام سیاسەت بەشیکی گرینگ له ئیمکاناتی واقیعی و حازری ئینسانەکانە بۆ ئەوە ی بتوانن لە سەر ژیانی خۆیان بریار بدەن و تەئسیردانین، پیک دینیت. لیرەدایە کە کۆمەلگا و ئینسانی تاک لە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا تیکەل بە یەک دەبن.

مه یل، وخواست و رازی بوونی هاولاتیان ئامیری گۆرانی کۆ مەلگایە. دیموکراسی پروسەیەکە، کە سەبارەت بە شت گەلیکی هاوبەش وەک خواست و عەلاقەی هاوولاتیان بریار دەدریت. پیش مەرجی دیموکراسی سیستەمی چەند حیزبی لە پارلەمان و هەلبژاردنی گشتیە. ناوی پارلەمان هەرچی بیت، بۆ نمونە کونگەرەی شورای هەلبژاردەی خەلک، لە ناوە رۆک وکاریگەر بوونی دا هیچ کارتیکردنیکی نابیت. دیموکراسی لە بریار دانی بە کۆمەل و بەریوە بردنی بریارەکان سەرتر و بەربلاوترە. دیموکراسی بیر و بۆچونی و جیهان دیتن لە سەر بناغەی هەموو ئینسانەکان هاوترازن و هەر ئینسانیک یەک دە نگی هەیە ،دانراوە . هاوکات لە دیموکراسیدا پیویستە، هەموو بۆ مافه دیموکراتیکەکانی یەکتر ریز دانین، و سەبارەت بە کار و باری کۆمەلایەتی خۆیان بەر پرس بن و ریزیان بۆ بریارەکان هەبی، تەنانەت ئەگەر ئەم بریارانە بە پیچەوانەی خواست و ئارەزو و مەیلی شەخسی خودی ئینسانەکان بێت.

دیموکراسی مافی مەترح کردن و پیش بردنی بیر و بۆچونەکان بە هەموو کەسیک دەدات و هەروەها ئەرکی گوی دان بە کەسانی تر لە هە موان داوا دەکات.

دیموکراسی جیاوازی بیر و باوەڕ و لە بە رانبەر یەکتر ڕاوستان و دانانی بیرە جیاوازەکان بە مومکین دە زانی و قەدەغەی ناکات ، بەلام حەل کردن و چارە سەر کردنی جیاوازیە کان لە شکل و فورم گەلیکی دیموکراتیک و دوور لە توند و تیژی لە هەموان داوا دە کات.

ئاست و میزانی پیشچونی دیموکراسی تەنیا لە لایەن خودی دیموکراسیەوە دیاری دەکەریت. دەبی دەسەلات و هیزی کۆمەلگا لە هەموو ئەندامانی کۆمەلگاوە سەر چاوە بگریت نەک لە شت گەلیک وەک یاسای مافه سروشتیەکان کە لە نیوان سیاسەت و بازاردا سنوور دەکیشیت.

ئەم سنوور دانانیشە ئەرکی سەر شانی خودی دیموکراسیە و لە پیشەوە دیاری کراوە و هەتا هەتایە نیە و قابلی ئال و گۆرە. مافی مروڤ سنوریکە و هیچ کات نابی بریاری سیاسی لە و سنورە تیپەر بیت و تەنیا دیموکراسیە کە دە توانی مافی مروڤ بپاریزی و دابین بکات. پاریزگاری لە سەر بە خویی شەخسی و مافی کەمینەکان پالی بە بەها دیموکراتیکەکانەوە داوە. هاوکات دیموکراسی لە سەر دابەش کردنی دەسەلات دروست دەکری. کۆی دەسەلات هەمیشە هەرەشە لە دیموکراسی دە کات، سەرەڕای ئەوەی چ کەسانیک ئەو ناوەند دەسەلاتە پیک دینن. دیموکراسی دەبی لە ریگای جۆراوجۆر ولە ئاستی جیاوازە و سەربەخۆوە لە یەکتر ئیمکانی بە ئیجرا دەرهاتنی هەبێت.

پرۆسە دیموکراتیکەکان لە سەر بناغەی هیز و خواستی هاوولاتیان بۆ هەلسورانی کۆمەلایەتی، پیویستی بە خۆسازی، بە دەس هینانی زانیاری و زانست و وەخۆگرتنی بەرپرسیایەتی دادەمەزریت. ئەم هیزە نەک بە هوی هیزە سات و سەودا و بازرگانیەکانەوە و نەک بە هوی بوروکراسی ئورگانە کۆمەلایەتیەکان و دەرکردنی بریارەوە، بە لکو تە نیا لە لایەن خۆدی ئینسانەوە ئازاد دەکریت و گەڕ دەکەوێت. ئەم هیزە ئازاد کراوە لە باوڕ بە هەلسوران و ریکخراوەی خۆدی هاوولاتیان بۆ بزوتنەوە خەلکیەکان و وەرگرتنی بەر پرسایەتی هاوبەش سەرچاوە دەگریت.

بە هوی زیاد بونی نەفوس، هەلسەنگاندن و بریاردان لەسەر کیشە سەرانسەری و مەحلیەکان لە ریگای دە خالەتی یەکی یەکی ئینسانەکان و دەنگدانی راستەوخۆیانەوە ئیمکانی نیە هەروا پروسەی بریاردانیش، زۆرشینەیی و ئالوز و پێچیدە دەکات. لە ناچاری ئەم بریارانە لە لایەن نوینەرانی هەلبژاردەی دەورەیی خەلکەوە دەدریت. ئەم

ئالۆزی و شینەیی بونە لە دیموکراسی ناراستەوخۆدا، دەبی بە دانانی پولیمیک و باسی زیندوو و پەیتا پەیتا لە لایەن هاوولاتیانەوە قەرەبوو کریتەوە.

پروسەی دیموکراتیکی بەریوە بردنی کۆمەلگا لە سەر بناغەکانی کونترول و چاوەدیری، رە سمی و ئاشکرا بونی بریارەکان، بیگەردی و عەدالەت دامەزراوە. ماسمیدیا دەوری گرینگی بۆ قەوارە پیدانی بیر و رای گشتی ئازاد و ئال و گۆری ئازادی زانیاریە کان و ... هەیە. بەلام کۆبونەوەی دەسەلات لە لای ماسمیدیاوە و تیکەل بونی رۆژ لە دوای رۆژی بەشەکانی ئەم ماسمیدیایە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا دەبیتە هوی چەندپات بونەوەی بە رنامە یەکجۆر و داسەپاندنیان بەسە ر خەلکدا. ئەم پروسەیە بوتە هوی هاتنە خوارەوەی دەوری هەلسوراوی ماسمیدیای گشتی لە گفتوگۆکان و کیشە کۆمەلایەتیەکاندا و ناراستەوخۆ بوتە هوی دابە زینی مافی بە شداری کردن ،دە خالە ت و دەور گیرانی خە لک لە سەر سیاسەت و واقعیەتی کۆمەلگا.

دیموکراسی ئەگەر نەتوانی کیشە و پیداویستیەکانی رۆژانە چارە سەربکات، متمانای هاوولاتیان لە دەس دەدات. هیزی ئیجرایی دیموکراسی دەبی لە بەرانبەر گوروهانەی کە بە دەلیلی ئیمکاناتی پارە و دەسەلات و یا تاقم گەلیک کە بە پەنا بردن بۆ لیهاتوویی و زانیاری تایبەتی پیان وایە لە خەلکیتر مافی زۆرتریان بۆ بریاردان و دەور گیران لە سەر سیاسەت هەیە، پشتیوانی لیٚ بەکریٚت و بە هیٚزتر بەکریٚت.

بەم بونەوە دەبی چاو خشانیک بەسە ر شیوەی کار و هەلسوران و پرۆسە ی برپاردان لە ناو ریکخراوە سیاسیە ئەنترناسیونالەکاندا بکریت، بە چەشنیک کە کونترول و چاوە دیری خەلکی هەلبژیردراو لە سەر ئەم ریکخراوانە زۆرتر بیت.

ئەم کارە لیهاتویی و ئامادە بوون بۆ ئال و گۆری شیوە هەلسورانی کۆن، دامەزراندنی ئورگان گەلیکی تازە لە ناودلی ئورگانە کۆمەلایەتی و ریکخراوە سیاسیەکان دەخوازیت.

## ئابوری دیموکراتیک

بە رهەم هینانی مودیرن و زۆر پیچیدە و کومپلیکسی ئەمرۆ، بە پشتیوانی تیکنیکی پیشکەوتوو و سەرمایە گەورە مومکینە. بۆ مانەوە و بەردەوام بونی بەرهەم هینانی ئاوا سەرمایەدانانیک، دەبی تا رادەیەک سوو هینان و قازانجی هەبی . بە مانای تایبەت بە ئابوری وشەکە، کۆکردنەوە و لە سەریەک دانان و پاشەکەوت کردن و پەسەندازی سەرمایە پیویستیکی ناچار وخۆلیلانەدەر و حەتمیە.

بە لام وشەی سەرمایە لە باسە سیاسیەکاندا لە رابووردووی دوورەوە مانای بەر بلاوتر لە مانای وشە ئابوریەکەی سەرمایە وەر گرتووە. ئەم مانا سیاسیە یانی سیستمیکی دەسەلات کە لە وی بە گوروهیک یا کەسانیک کە خاوەنی سەرمایەن ماف دەدات کە لە سەر هەموو خواست و عەلایقی ئەوانی تر بریار بدەن و دەسەلات و مافی ئیسانەکان بە لە بەر چاوگرتنی ئاستی سو هینان و قازانجی ئابوری ئەوان دیاری دە کریت.

ئەم سیستەمەی دەسەلات جگە لە خاوەنی سەرمایەکان ،لە کردەوەدا ئازادی لە وانیتر دەسینیتەوە و بی عەدالەتی و کیشەی کۆمەلایەتی قولٚ لە ناو کۆمەلگا و ولاتەکاندا پیک دینی و دەبیتە هوی دەرهینانی بی سەرە و بەرەی کانزا سروشتیەکان کە بۆ ژیانی نەسلەکانی داهاتوو جیگای مەترسی گەورەیە.

لە بەانبەر ئەم کۆ بوونەوەی دەسەلات لە دەست سە رمایەداران، ئابوریک کە لە خواست و ئارەزو و پیداویستیەکانی کۆمەلگا فرمان وەر دەگریت، دانراوە . سیستەم و فورمی ئابوری کە هەر ئینسانیک ماف و ئیمکانی هەیە کە وەک ئەندامیکی کۆمەلگا، وەک کریکار، کارمەند و بەکارهینەر و ... لە سەر رەوتی بەرهەم هینان، دابەش کردن، هە ل و مە رج و ریکخستنی کار، کاردانە وەی هەبی. شکل وشیوەکانی کاردانەوە دە توانی شکلٚی جۆراوجۆری لە مالکیەت و سەرمایە دانان‌دا هەبی.

ئاگاداری جیدی له ژینگەی پاک له هەموو سیاسەتیکی بەرهەم هیناندا پیویستە. له به رهەم هیناندا بۆ کاری هەموو خەلک ریز دادەنریت و هاندەری تیگلان و هەلسورانی فەعالی هەموانە. ئاکام و دەسکەوتی کار به شیوەی عادلانه دابەش ده کریت. ئه م رەوته بەرهەم هینانه دژ و موخالیفی سەرمایه دانانی خوسوسی نیە.

بەرهەم هینانی مودیرن له سەر ئەم بناغەیە راوستاوه که دەبی سو وقازانجی هەبی. به چاویکی ریزەوه چاو له شیرکەته بەریوه بەرەکان و رئیسی شیرکەتەکان دەکات و وەک گوروەگەلیکی هەلسوراو و گرینگ له حەیاتی ئابوری تەماشایان دەکریێ. بیگومان به لیدانی تانه و تەشەری له پیش دیاری کراو و هەلبژیردراوتەنیا به بەهانه و جورمی جیگای حەساسی ئەوان له بازاری کار و ئابوریدا دوره پەریزەی دەکریێ، مەگەر ئەوەی ئەوان له کردەوەدا به پیچەوانەی متمانه و هەلویێستی چاکی کۆمەلگا هەلسوڕین و لەو دەسەلاته که پییان دراوه، کەلکی خراپ وەرگرن.

له ئابوری بازاڕی ئازاد له کۆمەلگادا وەک بەشیکی گرینگ له هیزی پیشخەری ئابوری چاو لی دەکری.

بەلام ئیجازە نادریێ که سوهینانی شەخسی و خسوسی له سەرەوەی پیداویستیەکانی ئەندامانی تری کۆمەلگا دانری. له وەی که بازار نۆرم و ستاندەرد و پیداویستیەکانی کۆمەلگا دیاری کات بەرگیری دەکریێ. له دژایەتی هەمیشەیی و خۆلێلانەدەری کارو سەرمایه له خواست و ئارەزوکانی کریکاران پشتیوانی دەکات. ئابوری دیموکراتیک هەموو کاتیک دژی سەرمایەداریک که دەیەویت دەسەلاتی ئابوری له کۆمەلگا بپاریزیت، ڕادەوەستیێ و بەرگری لیده کات.

کۆمەلگای دیموکراتیک هەمیشه له پێش تر بوون و مافی ڤیتۆ کردنی بۆ دیاری کردنی هەل و مەرج و تەنگه بەریەکانی ئابوری، ئال و گۆری بار و دۆخ و شیوەی چەشنیک له ریکخراوەیی کار و بەرهەم هینان کەولامدەرەوەی پیداویستیەکانی کۆمەلگا نیە، هەیه. خواست و عەلایقی ئابوری به هیچ شیوەیەک نابی دیموکراسی بەرتەسک کاتەوە بەلکوو به پیچەوانه، هەمیشه دیموکراسی سنورەکانی بازار و ئابور دیاری دەکات و بەر به تجارەتی کردنی پەیوندیە کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و بەها و نرخه ئینسانیەکان دەگریت.

دیموکراسی، ئاسایشی کۆمەلایەتی له گەل شیوەی بەرهەم هینانی کاریگەر و چاره ساز له ئابوری کۆمەڵگادا تیکەل دەکات. به رهەم هینانی نا چارەساز و غیره کاریگەر، پیک هینانی کار و خۆخەریک کردنی به ڕوالەت به مانای ئال و گوری نه گونجاوی کاری چاره ساز کراو له گۆشەیەکیتر له کۆمەلگایه و دەبیته هوی کەمتر کردنی ئاکام و بەرهەمی کار و زەرەر له ئاسایشی کۆمەلایەتی دەدات و متمانه به دیموکراسی دینیته خوارەوە.

ئەزموون نیشانی داوه که بەر هەم هینانی کاریگەر و چاک پیویستی به فەزای کراوه و ئاشکرای سیاسی و بیر و بۆچونی جیاواز هه یه. ئەم شیوه بەرهەم هینانه کاردانەوەی ڕاستەوخۆی له به کاربەران وەر دەگریت و بۆ دەسەلات و توانایی، بیر و بۆچون و هەڵسورانی فەرمان بەرەکان ڕیز داده نیت، و بار و دۆخ بۆ سەلماندنی بیر و بۆچونی ئەندامانی کۆمەلگا و بنیات نانی شیرکەته بەرهەم هینرەکان و خزمەت گوزارەکان ئاماده دەکات.

دەبی له شکڵ و شیواز وئاستی جۆراوجۆر له سەر ئابوری کاردانەوه هەبیت. هەموو خواست و پیداویستیه جیاوازەکانی ئابوری تەنیا به بریاره سیاسی و یا تەنیا ئیدارەی ئابوری کومەڵگا له لایەن بازاری ئازاد دەستەبەر ناکریت. هاوسەنگی و هاوتەرازیک پیویسته که بریتیه له تیکەلیک له بریاره کۆمەلایەتیەکان و مکانیزمگەلیک له بازار، ریکخراوه وسەندیکای بەهیز و بەدەسەلاتەکان و بەکاربەرانی ئاگاه و هەڵسوراو که پالی به یاسا به هیزەکانەوه داوه و پشتیوانی بەکاربەرانه.

بریاری سیاسی بۆ دیاریکردنی یاسای کراوه و بەرگیری له دەرهینانی بی سەره و بەرەی کانزاکان و مەعدەنەکان، دابین کردنی هاوسەنگی ئابوری و دابەش کردنی عادلانەی بەرهەمەکان به شیوەیەک که مافه کۆمەلایەتیەکان دابین کریت، پیویسته. بازار به مەبەستی بەرهەم هینان و دیسانەوه بەرهەم هینانی پیداویستیه کانی ئاسایشی کۆمەڵایتی به شیوەیەکی چارەساز وکاریگەرپیویسته.

دەبی سەرمایەداری و بازاری ئازاد لە یەکتر جیا کرینەوە.

ئابوری بازاری ئازاد سیستمیکی دابەش کردنە کە لە وی کالاکان، خزمەت گوزاری و سرویس بە یارمەتی پارە، وەک نرخی ئال و گۆر، خاوەن و مالک دە گۆرن.

سەرمایەداری سیستمی دەسەلاتە بۆ سەلماندنی مافی زۆرتر بۆ سەرمایە وەک فاکتۆر و مکانیزمی بالادەست لە فاکتۆرەکانی تر بەشدارە لە ئابوری کۆمەڵگادا.

مکانیزمی نرخ لە بازاری ئال و گۆری کالاکان، سرویس و خزمەت گوزاری خسوسی وەک نیشانەی دیارو سیگنالی خیرا و ڕەوان لە نیوان بەرهەم هینەر و بەکاربەران دەور دەگیری و ئیش دەکات. شیرکەتە تازەکان کاتیک وەلامی پیداویستی و خواستی بەکاربەران دەدەنەوە دەتوانن بە خیرایی گەشەبکەن. کێبرکێ و بەربەرەکانی لە نیوان شیرکەتەکان ئازادی هەلبژاردن بۆ بەکاربەران زۆرتر دەستەبەر دەکات.

بازار لە ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوراوانی سەربەخۆی بەشدار پیک هاتوە کە مەیدان و گورەپانیکی بەربلاو بۆ بیر و بۆچونی زۆر و جیاواز بە مەبەستی پیک هینانی ئیمکاناتی ئابوری دەستەبەر دەکات. بە لام خواست و بۆچونی بەهیز و دەرونی بازار بە چر و کۆبوونەوە بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی رەقیبەکان و کەم کردنەوەی ئازادی هەلبژاردنی بەکاربەران و لەم ریگایەوە بە دەس هینانی سوی هەرچی زۆرتر، لە گەڵ جۆراوجۆر بوون و ژمارەی هەرچی زۆتری هەڵسوراوان و بەشداران لە بازاردا کە پیش مەرجی بازاری ئازادە لە ناکۆکی و دووبەرکایەتیدایە. بە م بۆنەوە بازار ناتوانی ئازادی و بە ر دەوامی خۆی بپاریزیت و نەگۆر بمینیتەوە .

مکانیزمی نرخ، کە بازار بە هوی ئەوەوە ئیش دەکات، ناتوانی یاسای کراوە ی بەردەوام کە هەڵسورانی چاکی بازار ئەم یاسانە دەخوازی دەستەبەر بکات. تەنیا ریکخراوە کۆمەلایەتیە سەربەخۆکان لە بازار دەتوانن ئاوا یاساگەلیک پیک بینن و بیپاریزن. بە یارمەتی ئاوا یاساگەلیک دەتوانری کێبرکێ و بەربەرەکانێ ناو بازار بە قازانجی بەکاربەران کە هەموو کۆمەلگا دەگریتە بەبپاریزین و لە حاست تێکۆشانی یەک یا چەند شیرکەت بۆ کۆ کردنەوەی مافی بەرهەم هێنان و فرۆشتن لە لای خۆیان لە بازاردا کە زەرەر لە مکانیزمی نرخ دەدات،

ڕاوەستا.

مکانیزمەکانی بازار ناتوانن شتگە لیک وەک ئاو و هەوا کە نرخیان لە بازاردا دیاری ناکری بە شیوەی دەس پیوە گرتن، ریبەری بکان .بۆ ئەم کارانە سیاسەت و بڕیاری نیونەتەوەیی و چارەسازی وەک گۆرینی پرنسیبە کان و شیوەکانی بە کاربردن و شیوەکانی دەس پیوەگرتن و کەم کردنەوەی مەسرەفی زۆر و ناپیویست لای بەکار بەران پیویستە.

کە وایە بازار تەنیا بەشیک لە ئابوری پیک دینیت و دەبی ولامدەرەوەی ئارەزوو و پیویستیەکانی خەلک کە بە شیوەی خواستی بەرز لە کۆمەلگادا مەترح دەکری، بیت. قازانج و پیویستیەگشتیەکان وەک مەدرەسە و زانکۆکان، بەشی تەندروستی و خزمەتی دەرمانی، ئاگاداری لە پیرەکان، یاسای داد پەروەری، فەرهەنگ، خان و بەرەی مودیرن، خەتی ئاسن و ریگا و تۆری تەلەفون و ئینرنیت و شتگە لیکیتری ژیرخانی کۆمەلگا، دەبی هەموو کەسیک سەرەرای ئاست و میزانی داهات بگریتەبەر و دەبی لە پرنسیبی دابەش کردنی ناو بازاری ئازاد، جیاواز بیت . هە لبژاردن و پیکهینانی هاوسەنگی لە نیوان چارە کۆمەلایەتی– ئابوریەکان لە لایەک و بازاری ئازاد لە لایەکی ترەوە لە سەر بنەمای وەرگرتنی سو و ئاکامی هەر چی باشتر و عادلانە تر بۆ هەموو کۆمەلگا بیت. بە پی خواست و پیویستییەک کە بەشە جیاوازەکانی ئابوری دابینی دەکات دەتوانی چاوەدیریان لە ریگای حکومەت یا بازاری ئازادەوە بریاری کۆمەڵایەتی لە سەر بەدرێت و هەر کات پیویست بو بگۆردری. دەتوانین دابەش کردن بۆ هەموکۆمەلگا لە سەر بناغەی دابین کردنی پیویستیە سەرەکیەکان بگۆرین.

ئەزمونی تا ئیستای مروف قەتیس مانی بونیادگەرای ئابوری لە چەپ و راستەوە کە تەنیا شیوەیەکی مالکییەت (یا تەنیاکۆمەلایەتی- حکومەتی- یا تەنیا خوسوسی) کە پیش مەرجی کۆمەلگایەکی چاک دەزانی، بە ئاشکرا نیشان دەدەن.

عونسوری دیاری کەر بە هیچ شیوەیەک شکلی روالەتی و دەرەوەی مالکیەت نیە، بەلکوو چونیەتی بە ئامانج گەیشتنی هەلسورانی ئابوری لە کۆمەلگایە. مروف لە جیهان و بەتایبەت لە رۆژئاوا و خۆرهەلاتی ئوروپا هەر دوو شکلی مالکیەتیان سالیانیکە ئەزمون کردووە و ئیستا فاکت و رووداوەکان باشتر لە هەر تیئوری داتاشینیک سەبارەت بە دژایەتی و یا وەرگرتنی ئەم یا ئەو مودیل ئەزمونی زۆر تال و ناگواری لە خۆرهەلات و تا رادەیەکیش سەرکەوتووانە لە رۆژ ئاوا بە ئیمە داوە. کریکاران لە ئوروپای رۆژ ئاوا لە باتی هەست، لە عیلم و زانست، بیری مەنتیقی یاری لە ئیمکاناتی حازر و لە باتی توند و تیژی، باس و لیکۆلینەوە و گفتوگۆ لە هە موو ئاستەکانی کۆمەلگادا کەلکیان وەر گرتوە کە توانیویانە هەنگاو بە هەنگاو و بە ئەسپایی بەلام بە شیوە یەکی نەپساوە بەرەو پیش چن. بە لام ئاماژە بە ئەزمونی چاک سەبارە ت بە ئال و گۆرە خیراکانی کۆمەلایەتی و غەیرە قابلی کونترول لە دونیای خۆرهەلات، لە چین و ئیران زۆر موشکلە.

ئوروپای رۆژئاوا لە سایەی هەلسورانی ئیتحادیە کریکاریەکان و ریکخراوە چەپ و سوسیالیستی دیموکراتیک وە بەتایبەت لە باکوری ئوروپا مودیلی ئابوری دیموکراتیکیان هەلبژاردوە. ئابوری دیموکراتیک ئابوریکە بە دوور لە هەر چەشنە دژایەتی خواست و ئارەزوی جۆراوجۆر، گیر و گرفت و موشکلات ، پیویستی بە ریک و پیک کردنی دوو بارە نیە .بە لام ئابوری دیموکراتیک زۆر تر و زۆر تر لە میزانی کەلک وەر گرتنی خراپ لە ئینسانەکان و کانزاکانی سروشتی کەم و کەمتر دەکاتەوە. ئابوریکە کە عەلایەقی جیاواز پیویستیان بە یەکترە و یارمەتی یەکتریش دەدەن و سەرمایە لە ژیر چنگی دیموکراسیدایە. ئابوری دیموکراتیک بەو کەسانە کە لە گەل ئال و گۆر و دیاردە سامناکەکان روو بە روو دەبنەوە ئیمکانات و پشتیوانی پیویست دەدا کە خۆیان لە گەل بار و دۆخی تازە دا بگونجینن.

ئاستی دیموکراتیک بونی ئابوری وەک هەموو دیاردەکانیتری کۆمەلایەتی موتلەق و نەگۆر نەبوە و نابی، بەلکوو بە گشتی بە ئاستی زانیاری و لیهاتویی و مەیل و ئارەزوی خەلک بە گشتی و کریکاران بە تایبەتی بۆ وەر گرتن و پاراستنی مافەکانیان گری دراوە.

دامەزراندن و ئیدامەی ژیان و پیشکەوتنی ئابوری دیموکراتیک کاریکی یەک جار بۆ هەمیشە نەبوە و نابیت. بە هەمان دەرجە کە کریکاران و خەلک بۆ وەرگرتن و پاراستنی مافەکانیان کەمتەر خەمی کەن دوژمنانی هەمیشە حازر و ئامادە لە مەیدان، بەشەکانی ئەوان دەخون و هەلدەلوشن. زەمانەت کردنی مافەکانیان بە دلسوزی، راویژ و پەند و تکاکردن ناکری و ئیمکانی نیە، بە لکوو ئامادە بونی بە هیز و هیژایانە لە مە یداندا و تیگەیشتن لە یاسا تازەکانی یاری کە لە گەل ئال و گۆرەکانیتری بازار و کۆمەلگا ئەم یاسا نەنوسراوانە وکەم تا کورتیک نەبینراو بە خیرایی دە گوردرین، پیویستیەکی حاشا هەلنەگرە. بیگومان لە دونیای ئامرۆدا "هیزی موخالیفی" بە رانبەرەکەمان چەند بنەمالەی دەسەلاتدار و سەرمایەدار نین بەلکوو دەتوانی ژمارەیەک لە هاو کارانی خۆمان کە بە شەریکیکی لە گەڵ خاوەن سەرمایە و یا خاوەنکار بەشی ئیمەمانان (کە ئاگامان لە وەر گرتن وپاراستنی مافەکانی خۆمان نیە) بە چەشنیک لە نیوان خۆیان دابەش دەکەن،بن.

ولاتانیک کە ئابوری دیموکراتیکیان هەیە، بەهەشت نین بەلام خەلک بۆ وەرگرتنی مافە سیاسی و ئابوریەکانیان نە تەنیا زیندان، ئەشکەنجە و ئیعدام ناکرین بەلکوو ئەگەر بیانەویت ئیمکاناتی زۆر بەر بلاولە بەر دەستیان دایە. ئابوری دیموکراتیک لە سەر بەبناغەی مافی هەموو ئینسانەکان کە هاوکات لە پیک هینانی ئاسایشدا بە شدار بن و لە ئاسایش بەهرەمەند بن، دامەزراوە.

## ریکخراوە کلاسیکەکان

ئیلیتسم، (هەڵبژاردنی باشترین و لێهاتووترین کەسەکان لە نێو گوروهێکدا، نۆخبە گەرایی) و کۆکردنەووی دەسەلات لە ژێردەستی نۆخبە، زانا و لێهاتوەکان لە لایەک و کەم کردنەوەی ئاستی کونترول و لیپرسینەوە لە لایەن خەلکەوە لە لایەکەترەوە میزانی عەلاقە و خواستی هەرچی زۆرتری توێژەکانی خەلک و گوروهەکان بۆ تیگلان لە سیاسەت و بەشدار بوون لە دەسەلات، دوو دیاردەی ئاشکرا و دژ بە یەکی ئال و گۆری دیموکراسی لە بار و دۆخی ئیستایە.

دوو فاکتوری بنەرەتی بۆ غەیرە فەعال بون و خستنە پەراویزی ریکخراوە سیاسیە کلاسیکەکان هەیە. یەکەمین دەلیل نەبونی باس و پولیمیکی ئیدئولۆژیک و خستنە ڕووی بیر و باوەڕی تا رادەیەک دریژخایەنە. ئەمرۆ زۆربەی گیر وگرفتەکانی رۆژ و چونیەتی چارە و لابردنیان (تاکتیکەکان) باس و لیکۆلینەوەی لە سەردەکریت. باس و بەران بەرکێ کردنی بیر و بۆچونە جیاوازەکان، بۆ نمونە کۆمەلگا تا ٣٠-٢٠ سالی داهاتوو بەکام باردا دەڕوات، بی دەنگ وکپ وغاییە. دەلیلی ئەم شتە زۆر دیارە، ئیدئولۆژیەکان کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی ١٨٠٠ میلادی قەوارەیان گرتوە یارای ولامدانەوەیان بە گیروگرفتەکانی ئەمرۆیان نیە.

بی متمانەیی، بی لایەنی سیاسی و پاسیفیزم و بەشداری نەکردن لە هە لبژاردنەکان لە ولاتانی ئوروپاییدا روو لە گەشەیە. ریکخراەکانی ئیستا ناتوانن دەلیلی ئەم پرۆسە و دیاردەیە روون کەنەوە. هەلنەسوڕان و لایەنگری نەکردن لە ریکخراوەیەکی دیار و تایبەت لە نیوان ژمارەیەکی زۆرتری خەلک ڕوولە گەشەیە. ئاست و میزانی لایەنگرەکان و دەنگدەرەکانی حیزبیکی سویدی لە ٥٠ لە سەدی هەلبژاردنەکانی سالی ١٩٥٠ تا رادەی ١٩ لە سەدی هەلبژاردنەکانی سالی ١٩٩٨ هاتەخوارەوە. فاسلەی ئیدئولۆژیک نیوان حیزبی سوسیال دیموکرات و حیزبی مودرات (حیزبی راستەکان) لەم ماوەیەدا هەرچی زۆرتر هاتوەتە خوارەوە. و رە نگە ئەمە بوتەهوی کەم بونەوەی لایەنگرانی هەر دوو حیزبەکە. قورسایی و گرینگی کیشەی سیاسی - ئیدئۆلۆژیک زۆرتربووە. ژمارەی دەنگ دەرەکانی غەیرە حیزبی کە خاوەنی عەلایەق و بۆچونی سیاسی روونن لە ١٤ لە سەد لە سالی ١٩٦٨ بو ٢٨ لە سەد لە سالی ١٩٩٨ گەشەی کردوە.

ئەم گوروهە روو لە گەشەی دەنگدەرە کە مەیل و ریبازی تاکەکەسیان (ئیندیوئالیستی) هەیە دە توانن لە سیستەمیکی دیموکراسی راستەوخۆ کە پالیان بە حیزب و ریکخراوە دیموکراتیکەکانی ئیستا نەداوە، وەرگیرین.

٣٠ لە سەدی خەڵکی سوید کە هیچ چەشنە لایەنگریان لە حیزبەکان نیە لە هەلبژاردنەکان و دەنگدانەکان بەشداری دەکەن. پەیوەندی حیزبەسیاسیەکان لە گەل ئەم گوروهە رۆژ بە رۆژ کەمتر دەبیتەوە و عەلاقەیان سەبارەت بە سیاسەتیک کە حیزبەکان هەلیدەبژیرن کەم و کەمتر دەبیت. لە ولاتانیک کە دیموکراسی بە تیکۆشان، هەلسوران و لە دەوری حیزبەکلاسیکەکان شکلی گرتوە و دروست بوە زۆرتر جێ نیگەرانی یە. لە ئیران و کوردستان بە هوی دیکتاتوری، سەرکوت و نەبونی ئازادی ئاوا ریژە و ئاماریک سەبارەت بە حیزبە ئیرانی و کوردستانیەکان نیە و یا جیگای باوەڕ نین.

سەرە ڕای ناکۆکی زۆر لە نیوان کۆمەلگای ئوروپایی و ئیران لە باری ئابوری، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی یەوە لە نیوان حیزبە ئیرانی و ئوروپایەکان لە یەکچونیکی زۆر لە باری قەتیس مانی سیاسی و فیکری کە بەسەر ئەو حیزبانەدا داسەپیوە، هەیە.

ریکخراوە چەپ و سوسیالیستەکان لە گەل گیر وگرفتی ئاشکرا و روون بەرەوروون. سانترالیزمی دیموکراتیک و سەربەخۆ نەبونی ئەندامان و کادیرەکان بۆ دەربرینی بیرو بۆچونی خۆیان یەکیک لەو گیروگرفتانەیە. ژمارەیەکی زۆر لە ریبەرانی ریکخراوەکان ئوتوریتەی قول و خۆشەویستی بەر بلاویان لە نیوان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبدا نیە . ئەمانە لە گەل هاوولاتیانی هەلسوراو و بە توانای ئەمرۆ کە خوازیاری کەش و هەوای کراوە لە حیزب و کۆمەلگان و خوازیاری چونەسەرەوەی ئاستی کارتیکردن و تیگلان ودەخالەت کردنی خۆیان لە حیزب و کۆمەلگان هاو رەوت نین و ناگونجین. ریکخراوە راستەکانیش چاوخشانیکیان بە سەر سیاسەتەکانی خۆیاندا کردوە و لە هەندی خواست و دروشم گەلیک کە لە پیشدا ریکخراوە چەپ و سوسیال دیموکراتەکان بەرزیان کردبووەوە، وەک ئاسایش، بردنە

سەرەوەی مالیات لە سەر داهات لە پروپاگاندە خۆیان کەلک وەر دەگرن. فاسلە و جیاوازی سیاسەتەکانی ریکخراوە ناوەندیەکان کەمتر بوەتەوە. ژمارەیەک لە حیزبەکان لە قسە و باسە و بیر و بۆچونەکانیان زۆر تر بەلای حیزبیکی چکۆلە و کۆمونیستی پاک و بێ غەلوغەش دەرون و بە هەموو هیز و توانایان لە تیز و ئەو تیئوریانە کە هەرگیز لە کۆمەلگادا بە کردەوە دەرنەهاتون پشتیوانی دەکەن و توانایی وەرگرتنی ئەندامانی نارازی حیزبەکانی تریان نیە. ئەم حیزبانە بوون بە سیکتی"رووناک بیر" کە سەریان لە ناو خۆیان ناوە و هاوکات خەریکی باس و پولیمیکی تەواو نەبوی خۆیانن و توانای ریکخستنی ئیعترازیکی چەند کەسیان نیە، و هەر رۆژە چکۆلە تر دەبنەوە.

مەرجی پیویست بۆ زیندو کردنەوەی مەیل و تیکۆشان بۆ ئەوکەسانە کە لەم حیزبانە دووریان گرتوە چیە؟ بونی ریکخراوە و ئورگان گەلیک لە سەر بناغەی دیموکراتیک تر(کەمتر لە ناوەندی حیزبەوە ریبەری دەکرین) و پیک هینانی بار و دۆخیک کە ئینسانەکان لەم ریکخراونە هەست بەکەن کە لە بریار و هەلسورانی حیزب دەوریان هەیە و بەشدارن و دەرفەت و ئیمکانی کارتیکردنیان لە ناوحیزبدا زۆرتر و زۆرتر بێت، زۆر گرینگە.

حیزبی تازە دەبیت لە سەر بناغەی تەواو دیموکراتیک (غەیرە سانترالیست) دروست کرابیت و بۆ پیک هینانی بار و دۆخی دەخالەت کردن، تەئسیر و کارتیکردنی هاوولاتیان لە سیاسەتدا بە شیوەیەکی جیددی خەبات کات.

لە حیزبە کانی ئیستا ژمارەی لایەنگران و ئەندامانی پاک و بیگەردی حیزب رۆژ بە رۆژ کەم دەبنەوە و لە هەمان کاتدا گەنجانی لیهاتوو و تیکۆشەر وەر ناگیرین. <u>قەیران لە م حیزبانە بۆ سیاسەت و ریبەری نەگۆر و هەتاهەتایی، حیزبەکان دەگەریتەوە.</u> چونیەتی رزگاری ئەم حیزبانە لەبار و دۆخیک کە تیکەوتون جگە لە هەندی قۆناغی کاتی و بەر تەسک، قەد ناکریت لە ئێستاوە ببینرێت.

<u>پیداگری زۆرتر بە مەبەستی بیگەردی ئیدئولۆژیک و دووری گرتن لە سازان، ریک کەوتن و دیالۆگ لە نیوان ریبەرانی ئەم حیزبانە لە زۆر بەی کاتدا، ریبەرەکان بەرە و ریگایەکی بە ستراوی سیاسی دەبات و نەبونی ئیمکانی هاوکاری لە گەل حیزبە برادەرەکان و پیکهینانی بەرەی هاو خەبات و یەکگرتوو، بە قەتیسی دە مینیتە وە و لەباری سیاسیەوە قەد ریگای دەرباز بونیان نیە.</u>

## هە ل و مەرج و پیویستیەکانی پیکهینانی حیزبی چەپی کوردستان

ئایا بە راستی پیکهینانی حیزبێکی تازە و یا شکلیکی تر لە شیوازی هەلبژاردنی بریارە سیاسیەکان پیویستە؟

چ هەل و مەرجیک بۆ پیکهینان و یا چاکسازی حیزبی چەپی ئەمرۆژی لە کوردستان هەیە؟ چۆن دە توانین ئامانجی ئەم حیزبە داریژین؟

یە کیک لە بیرو بۆچونەکان، کە باسی لە سەرە بزوتنەوەی هاوولاتی(مەدەنی) و دیموکراسی هاوولاتی لە باتی دیموکراسی حیزبیە. حیزب و یا حیزبەتازەکان پیویست نیە دژایەتی بزووتنەوە مەدەنیەکان بکەن بەلکوو دەتوانن <u>تەواوکەری یەکتربن.</u>

حیزبی چەپی تازە دەتوانی هەموو کەسانیک کە خۆیان بە چەپ دەزانن و بە دەلیلی جۆراوجۆر لە هیچ کام لە حیزبەکانی ئیستا ئەندام نین و لە لایەن ئەم رێکخراوانە نوینەرایەتی ناکرین، و ژمارەیەکی زۆرلە ئەندامانی حیزبە چەپەکان کە سەرەڕای جیاوازی سیاسی و فیکری لە گەل حیزبی خۆیان هەر کام بە دەلیلیک وەک جاری جاران پێوندی ریکخراوەییان پاراستوە، لە خۆیدا کۆکاتەوە. جگە لەوە گرینگ ئەوە گرووهی روو لە گەشە (ئیندویدوئالیستەکان) تاکە کەسەکان کە خوازیاری بەشداری و دەخالەت لە کیشە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانن بی ئەوەی حەتمەن ئەندامی حیزبیک بن لە خۆیدا کۆکاتەوە. دۆزینەوەی مکانیزمیک بۆ هاوکاری ئەم کەسانە لە گەل حیزبەکان کاریکی دژوار نیە بەو مەرجە کە ئامانج پیش بردنی کار و باری سیاسی و کۆمەلایەتی بیت نەک تەنیا

ئەندام گرتن و کی برکیی حیزبەکان سەبارە ت بە دەسەلاتیک بێت کە خەلک لە داهاتودا بە نوینەرانی هەلبژیردراوی کاتی خۆیان دەدەن.

حیزبی تازە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانە کە ئیستا لە حیزبیکدا هەلسوڕاو و فەعال نین بەلام بە توندی خوازیاری کار و باری سیاسی و کۆمەلایەتین یارمەتی دەدرێت. ژمارەی ئەندامانی ئەم حیزبە هەموو کاتیک لە ژمارەی کەسانیک کە لایەنگری لەم حیزبە دەکەن، ریبازی ئەم حیزبە دیاری دەکەن، و بە حیزب دەنگ دەدەن کەمتر دەبێت . دە نگ دەرەکان و لایەنگران زۆر دەوری کاریگەر سەبارەت بە زیندوو بونی باسە کان و ئەندام گیری داهاتوو، دە گیرن. هەر چی ژمارەی لایەنگران و دۆستانی حیزب زۆرتر بێت بە هەمان ئەندازە خواست و ئینتزار لە ریبەران و نوینەرانی حیزبەکان و پەیامە سیاسیەکان زۆرتر و زۆرتر دەبێت.

حیزب دەبی دیموکراتیک بێت و ئیمکانی کارتیکردنی عەمەلی و تیگلانی راستەوخۆ بۆ ئەندامان دەستەبەر کات. دەنگ دانی ئەندامان سەبارەت بەکیشە گرینگە باسکراوەکانی حیزب وەک ئامیریکی هەمیشەیی کەلکی لی وەر دەگیریت.

پرژ و بلاوی و دلەراوکی و نەبونی متمانە بە هوی شکستەکان و قەتیس مانی یەک لە دوای یەکی سیاسی زەق و بەر چاوە، نەبونی ولام و تاکتیکی گونجاو بۆ کار و باری سیاسی ئیستا بە تایبەت بە لەبەر چاوگرتنی ئال و گۆرە خیراکانی سیاسی، ئیقتسادی، فیکری، فەرهەنگی و تیکنیکیەوە لە ئاستی دونیا، دزی داهات و پارە لە کۆمەلگا و حیزبەسیاسیەکان و ...

بار و دۆخی پیک هینانی حیزبی باوەڕ پیکراو، بەرپرس، دیموکراتیک، مودیرن و ئەمرۆژی کە بەرپرسی وەر گرتن و دیالۆگ و ولامدانەوە لە سیاسەت زانانی هەلبژیردراو بۆکاتیکی چەند سالە( نەک چەند دە سالە) دەخوازیت، حیزبیک کە بتوابیت بۆشایی خالی سیاسی کە گەشەی کردوە پرکاتەوە، دەستەبەر کردوە. کاری سیاسی هەمیشەیی تاقەت پروکینە، دەبی سیاست زانان پاش قۆناغیک یا دوو قۆناغ لە لایەن هەلبژیرەکانەوە بگۆردرین. مانەوەی ژمارەیەک لە سەرپۆپەی دەسەلات، جیگای مەترسیە چونکوو بە شیوەی نارەوا لە دەسەلات کەلک وەر دەگرن وهەروەها گەندەلی سیاسی و مالیش زیادتر دەکات.

ئایا پیویستی و بار و دۆخی سیاسی بۆ حیزبیک کە لەسەر بناغەیەکی ئازادتر لە رابوردوو، چەپ زیندوو و هەلسوڕاو کاتەوە هەیە؟ ئاوا حیزبیک چۆن لە هەوە لین هەنگاوە کانی خۆی لە گە ل دونیای هەستیار، رەخنەگر وکونترول کەری ئەمرۆژی بەرەو ڕوو دەبێتەوە؟

## بوژانەوە یا لەت بون؟

پرسیاری جیدی و ئەساسی ئەوەیە کە چەپ چۆن بەهیز دەبێت و لەم کاتەدا بە چ شیوە گەلێک؟ ئایا چارەنوسی حیزبیکی ئازاد، سەبوور لە بەرانبەر بیر و بۆچونی جیاواز و تیکۆشەر بۆ هاوژیانی بە بیری جۆراوجۆرەوە دە بی لەت بون بیت؟ ئایا زیندووکردنەوەی چەپ، هان دان و ڕوو کردن لە دە نگ دەرەکان و لایە نگران، چەپە تاکەکان کە لە بار و دۆخیکی ئاوا سیاسیدا ریکخراوەی گونجاو بۆ خۆیان پەیدا ناکەن، مومکینە؟ ئایا حیزبی تازە دەتوانی هاوکات پیکەوە ژیان و بونی بیر و بۆچونە جیاوازەکان و ڕیک کەوتن و یەک گرتنی عەمەلی لە سەرکیشە ئەساسی و ئەسولیەکان زەمانەت کات.

وەر سوڕانی ژمارەیەکی لە لایەنگرانی بەرەی چەپ بە گشتی بەرەو راست و حیزبە راستەکان نیشان دەری گیر وگرفتی بنەرەتیە. هەندی لە حیزبە چەپەکان کزتر و لاوازتر بون و سەبارەت بەم ئال و گۆرانە پەنایان تەنیا بە دیفاع ئیدئۆلۆژیک بردوە و سەرسەختانە لە تیز و تیئوریەکانی نیوەی ددوهەمی سەدەی ١٨٠٠ دیفاع دەکەن. حیزبە سوسئیالیستەکاننش بەرەو ناوە راست چون و سنوری نیوان حیزبە ناوەراستەکاینش بەرە و نەمان دەڕوات.

هاوکات له نیوان حیزبه چەپ و سوسیالیستەکان بۆشایی سیاسی پیک هاتوه که دەکرێت به هوی هیزیکی چەپی ئەمرۆیی ئەو بۆشایه پڕ بیتەوه. له نەبونی ئاوا هیزیک سوڕانی هەر چی زۆرتری بار و دۆخی سیاسی بەرەو راست زۆرتر و زۆرتر دەبێت . لەم کاتەدا رەنگه ئینسانه چەپەکان بی کردوه و پاسیڤ بمینەوه، عەلاقەیان به سیاسەت کەم بێتەوه و یا رویشتن یان بەرەو سیاسەتی ڕاست و حیزبه راستەکان زۆرتربێت.

بار و دۆخ بۆ پیک هینانی یەک یا چەند حیزبی تازه دەسته بەره. هەل و مەرج بۆ حیزبیک که کیشەی دیموکراسی و عەدالەت له بەرنامه و پلاتفورمیدا داناوه و بزوتنەوەیەکی بەهیزی سیاسی و کۆمەلایەتی زیندوو کاتەوه و بەرەو پیشی بەبات ئامادەیه.

هیزیک ئاوا سیاسی دەبی له کردەوەدا هەڵسوڕاو و فەعال و بەر بلاو بێت تا بتوانی دیسانەوه قسه وباسی کۆمەلایەتی و سیاسەتی فەعال و بەشداری کەر زیندوو کاتەوه و هیزی کۆمەلایەتی بەر بلاو له دەوری خۆی کۆ کاتەوه. هەر ئەو کارەی که کۆمەله له دەسپیکردنی هه لسورانی سیاسی به ئاشکرای خۆی کردی.

ژمارەیەک بۆ پینه و پاساو کردنی پیش نه چونی کاری کۆمەله و حیزبی کۆمونیست له ٢٧ سالی رابوردوو باسی هەل و مەرجی شۆڕشگیرانەی ئەو کاته دینه گۆری. دەورانیک که حکومەتی دیکتاتور توانای حکومەت کردنی نەماوه و خەلکیش به شیوەیەکی بەر بلاو خوازیاری تیگلان و دەخالەت له حکومەت و چارەنوسی خۆیانن. بەلام به داخەوه به زۆری به هوی نەبونی پلانی پیشو و هاورەوتی و هاوکاری له نیوان هیزه سیاسیەکان، هەلچونی خۆ به خۆ و کونترۆل نەکراو بەسەر بار و دۆخەکەدا داده سەپی. تا ئیستا له هەموو جیهان و له دریژخایەندا هەموو ئال و گۆرەکان به ناوی شۆرش، قەیام، هەڵچون و ڕاپەڕین ناسراون کەمتر به قازانجی زوڵم لیکراونی دونیا تەواو بووه، بەڵکو چەوسینەران به پلانی داریژراوی خۆیان توانیویانه پاش ماوه یەکی نه زۆر دریژ خەلک بەرەو ماڵەکانیان بنیرنەوه و حکومەت به دەستەوه بگرن.

بیگومان هەل و مەرجی شۆرشگیرانه دەوری دیاری کەری هەبوه و هەیه. بەلام نەبونی هەل و مەرجی شۆڕشگیڕانه <u>به هیچ شیوەیەک ناتوانی سیاسەت و تاکتیکه نادروستەکانی ئەم هاوریانه له دەورانی هەل و مەرجی غەیره شۆرشگیرانه و پاشەکشەی  بزووتنەوه بەر بلاو و جەماوەریەکان پینه و پاساو بکات</u>. تەنیا زەق کردنەوەی باسی هەل و مەرجی شۆڕشگیڕانه، له لایەک، باس کردن و ئیعتراف له سەر <u>بەشیک له راستیه کانه</u> وله لایەکەترەوه تیکۆشانیک بۆ شاردنەوەی خەتا سیاسیەکانه. ئایا لایه نگران و پشتیوانانی ئەم بیرو بۆچونه، جەماوەری بوونی حێزبی کریکارانی کوردستان (پێ کا کا) له کوردستانی باکور (تورکیا) که هەمیشه بەرەوڕوی وەحشیانەترین کوشتار و ئەشکەنجه  و هەل ومەرجی غەیره شۆرشگیرانه بووه چۆن لیکدەدەنەوه؟ ئایا مەگەر ئەوه نیه که پێ کا کا توانیویه له بار و دۆخی غەیره شۆڕشگیڕانه خواست و پیویستیەکانی خەلکی له بەرنامەی خۆی داناوه و خەباتی بۆ دەکات و <u>خەلک خواست و ئارەزوەکانی خۆیان له</u> <u>سیاسەتەکانی ئەواندا دەبینەوه</u>. هه نگاوی هەوەلی حەرەکەتی پێ کا کا پیویستیەکان و خواستەکانی بزوتنەوەی سەر بەخۆیی و حەق خۆازانەی خەڵکی کورد بووه  نەک تیئوری و تیزگەلی ژمارەیەک "رووناکبیر" که له پیشدا له ژیر ناوی بەرنامەی حیزب نوسیویانه.

ئامانج لیرەدا نەک دژایەتی له گەل هەر چەشنه بەرنامەیەک بۆ حیزبه و نه دیفاع و پاساوکردنی هەموو سیاسەتەکانی پی کا کا یه، بەڵکوو نیشان دانی جیاوازی دوو شیوه بیر و بۆچون سەبارەت به پیویستی و خواستەکانی خەباتی خەلک له کۆمەلگایەکی دیاری کراودایه.

بیر و بۆچونی هەوەلی بریتیه له دارشتن و فورموله کردنی خواست و چۆراوەی فیکری خۆت (و یا کوپی بەرنامەی حیزبه ئوروپایەکان) له ژیر ناوی  بەرنامەی حیزب و تیکۆشان بۆ رینوینی و ڕێبەری خەباتی زیندووی ئیستا (له هەر بارو دۆخیکدا چ شۆرشگیرانه و چ غەیره شۆرشگیرانه) کۆمه لگا له سەر بناغەی ئەم بەرنامه پیرۆزه و مۆقەدەسه.

بیرو بۆچونی دووهەم له پیویستی و توانای خەباتی خەڵک سەر چاوه دەگریت و دەڕوات(وەک کۆمەله له سالەکانی دەس پیکردنی هەڵسوڕانی ئاشکرای خۆی که هیشتا به تیئوریەکانی گۆروهی سەهەند لایەنگری گوروهی

ئارمان "تەیار وچەکدار" نەبوو بوو) نەک لە بەرز فڕینە بە ڕوالەت توند و چەپ بەڵام بەزیو و پاسیڤ و هەلهاتوو لە بەرانبەر ریکخستنی خەباتی واقیعی و حازر، وەک مەنسوری حیکمەت و هاوریانی کە لە دیل و دەس بەسەرکردنە کانی سالی ١٣٦٠ هەتاوی بە تیئوری مارکسیزمی شۆڕشگیڕانە لە تارانەوە بەرەو کوردستان هەڵهاتن بەڵام کادر و ئەنداماەکانی کۆمەلە وەک بیژەن چیهرازی(مامۆ)، ئیرانی خاکسار، سەعید یەزدیان ،ئەمین رەنجبەر،مەزەفەر کەمانگەر،تەیب عەباسی روح اللهی، مەسعود مودرەسی و دە یان کەسی ترلە تاران و شارەکانی تر مانەوە و تیرباران کران. و یا لە ساڵی ١٣٦٨ هەتاوی بە تەواو بوونی شەڕی ئیران و عێراق کە بارو دۆخی پیلانێکی هاوبەش ئیران و عێراق بۆ بزوتنەوی کوردستان زۆر ئامادە بووو مەنسوری حیکمە ت ، ناوەندی کۆمونیزمی کریکاری و لایەنگرەکانی ئەم جارە بە تیئوری کۆمو نیزمی کریکاری بۆ رزگاری خۆیان و بەجی هیشتنی کۆمەلە و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان داهوڵی ناسیونالیزمیان لە کۆمەلەدا دوزیەوە و لە باتی خەبات و فیداکاری بۆ بزووتنەوەی کوردستان لەو بار و دۆخە دژوارە دا و یا بە قەولی خۆیان رزگارکردنی کۆمەلە لە دەست ناسیونالیستەکان، کۆمەلەیان بە جی هیشت و هەڵاتن. لە قسەدا سوپر چەپ بوون و لە کردەوەدا هاو کاری رەزا پەهلەوی، موجاهیدینی خەلک و هەلویستی شوینیستانەیان سەبارەت بە بزوتنەوەی کوردستان لە پێشەوەی هەمووان بوون.

## دیموکراسی نیو ریکخراوەیی

رەخنەیەکی ئەساسی لە حیزبەکانی ئیستا رەق هەڵاتویی و بەرتەسک کردنەوەی دیموکراسی دەرونی و هەڵسوڕان بە شیوەی کۆن و هەندی جار غەیرە دیموکراتیکە. حیزبی تازە دەبی لە بەرەیەکی بەربڵاوتری سیاسی کە بە شیوازی جیاواز بۆ کیشە و خواستە سیاسیە دیاری کراوەکان هەلدەسوڕیت ئامادە بێت. هەموو ئەندامی حیزب دەبی لە هەموو بوارەکان لە ئەوەڵەوە تا ئاخر شانسی بە شداری کردنیان لە گفتۆگۆ سیاسیەکان بە شیوەیەکی واقیعی هەبێت.

هە لبژیردرواەکان لە حیزب و ئورگانە سیاسیەکانی تری کۆمەلگا وەک پارلەمان و هتد دەبی پەیتا پەیتا راپورتی بەرهەمی کاری سیاسی خۆیان بە هەلبژیرکەرەکان لە کۆمەلگا (خەڵک) و لە حیزبدا (ئەندامان) بدەن.

بواری پیویست بۆ ئاوا کاریک باسی کراوە و ئاشکرا و لیکۆلینەوە و پیداچونەوە بەسەر ئیستراتژی وشیوەکارە.

زۆر پیویستە ریبەرانی حیزبە تازەکان هونەری گوی دان و تیکۆشان بۆ تیگەیشتنی خواست، هەدە ف و مەبەستی خەڵک بزانن و لەو بوارە دا لیهاتووبن و هەڵسوڕاوانە و بە بویری و شەهامەتەوە هەموو بەرپرسیاری گشت سیاسەتە بڕیار دراوەکان لە ئەستوبگرن.

ئەوان دەبی شی کەنەوە بۆ چی لە هەندی بواردا بریار و هەڵوێستگەلیکیان گرتوە کە لە گەل ئەو پرنسیبانە کە لە سەری کۆک و ریک کەوتبوون هاوڕەوتی نیە و دەگمەنە و هەروها بتوانن لە وەرگرتنی مەسئولیەت و بەرپرس بوون لە بەرانبەر هەموو کۆمەلگادا بە گشتی نە تە نیا لە حیزبی خۆیان دیفاع بکەن.

تیکنیکی مودیرنی ئەمرۆژی بە هەموو و یا زۆربەی خەڵک کە خوازیارە ئەو دەرفەتە دەدا تا لە باس و کۆبونەوەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کامپیوتر و یا لە ریگای بە شداری کردن لە گوروهی گفتو و گۆ لە ئینترنیت، تلەویزیون و ... بە شداری بەکەن. زانیاری بەر بڵاو لە ئینترنیت و ماسمیدیای تر لە بەر دەست دایە و هەر کەس دەتوانی لە وانە کەلک وەرگریت و زانیاری خۆێشی پێ زیاد کات و بیخاتە خزمەت خەڵکی ترەوە.

لە کیشەی گرینگ راپرسی گشتی لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب زۆر پیویست و زەروریە و ئەم کارە لە ریگای ئینترنیت، فاکس، تلەفون و ... زۆر ئاسایی و ئاسانە. بەم شێوەیە بار و دۆخ بۆ ژمارەیەکی زۆرتر دەستەبەر دەکریت تا لە بڕیار و هەڵوێست گرتن بە شداری و دەخالەت کەن.

پێویستە کە لە شێوەگەلی تر لە پرۆسە دیموکراتیکەکان وەک هەلسەنگاندنی بیر و رای گشتی لە کۆمەلگادا و نێو ئەندامانی حیزب، پرسیار لە کۆمەڵگا، راویژ لە گە ل هاوولاتیانی شارەزا و لیزان و ئامیرگەلێکی تازە وەک "نیشاندەر و عەلامەت، رینوینەکەر و شارەزای ریگای سیاسی" کەلک وەرگرن و گەشە پەیدا کەن. بەم شێوەیە هە لبژاردنی ریگای سیاسی بۆ ریبەری حیزب و دەرفەتی دەخاڵەت بۆ هاوولاتیان لە سیاسەت و هەلبژاردنی سیاسی ئاسانتر دەبی.

دەبی لە دانی مەعاشی زۆر و هەل و مەرجی دەست پیوە نەگرتنی غەیرە مەنتیقی و دانی ئیمتیازگەلیک لەم چەشنە کە دەبیتە هۆی دروست بوونی فاسلە و کەلین لە نیوان سیاسەتوانان و ئەندامان و خەڵکی دەنگ دەر، بە توندی بەرگری بەکریت.

حیزبی سیاسی دە بی ئیدئۆلۆژیکی هە بیت. ئەندامان و خەڵکی دە نگ دەر دەبی بزانن کە حیزبی هەلبژاردەیان بە پەلە، ١٨٠ دەرەجە بەم لاو ئەولادا ریگا و جەهەت ناگۆریت.

شتیکی گرینگی تر ئاسایی بونی شکڵ گەلیک لە سازان و ڕیک کەوتنی سیاسی لە گەل حیزبەکانی تر لە ئاستی جۆراوجۆرە و بەم شیوە حیزب بە ئامانجە دریژ خایەنەکانی نزیکتر دەکاتەوە. یانی هەموو تاکتیکەکان دەبی وەک حەلقەی زنجیرەکان بە یەکەوە گری دراو لە خزمەت گەیشتن بە ئیستراتژی حیزبدا بێت.

دەبی هەموو ئەم ریک کەوتن و سازشانە لە گەل حیزبەکانی تر بە ڕوونی و بیگەردی تەواوەوە بۆ خەڵکی دەنگدەر و ئەندامانی حیزب باس کرێت .

دیموکراسی ناراستەوخۆ (لە ڕیگای نوینەرەوە) بناغەی کۆبونە وەکانی پارلەمانی پیک دینیت و بەم بونەوە ئەرکی نوینەرەکان، نوینەرایەتی کردنی ئەندامان و خەڵکی دەنگ دەرە. دەبی بڕیارە پەسەندکراوەکان بە شێوەی دیموکراتیک لە لایەن هەموانەوە ریزی لی بگیرێت. هاوکات زۆر گرینگە کە بیر و ڕای کەمینە نە تەنیا سەرکوت نەکریت، بەڵکوو هاندرێن و هەروا تەنانەت پاش بریارە پە سەند کراوەکانی زۆرینە، ماف و ئازادی هینانە گۆری بیر و بۆچونی خۆیان هە بیت. ئەمە یەکیک لە بناغەکانی سوسیالیزمی ئازاد و دیموکراتیکە. مەرکەزی بڕیار و هەڵویست گرتن دەبی لە ناوەندەوە بۆ هەریم وجیگای کەسانیک کە ئەم برپارانە لە سەر کار و ژیانیان تەئسیری دادە نێت بگویزریتەوە.

## پلاتفورمی سیاسی ریکخراوەی چەپ

حیزبی سیاسی بۆ ئەوەی بتوانی لە پولیمیک و باسەسیاسی و کۆمەلایەتیەکاندا شوینیک بۆ خۆی تەرخان بکات و بە خەڵک نیشان بدات کە لە پۆل(سەف) بەندیە سیاسیەکاندا لە کوی ڕاوەستاوە، دەبی خاوەنی پلان و پلاتفورمی سیاسی دیاریکراو بیت. لە هەنگاوی یەکەمدا بە گشتی دارشتنی ئامانجە سیاسیەکان پیویستە.

پاشان هینانە گۆر و فورمولە کردنی ئامانجە سیاسیەکان (بەتایبەت ئامانج و مەسایلیک کە حیزبەکانی ئیستا لە بردنە پێشی سەرنەکەوتون و یا چارەیان نەماوە و بە بن بەست گەیشتون) کە هەل و مەرجی پیک هینانی حیزبیکی تازە کە دەیەویت لەو وەزعە نا لەبارە رزگاری بیت و لە ئال وگۆرە سیاسیەکانی ئەمرۆ و سبەی دەور و قورسایی هەبیت، زۆرپیویستە. ئەمانە و هەلویست و گیروگرفتە سیاسیەکانیتر دەبی لە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا لە لایەن دۆستان و ئەندامانی حیزبەوە گەشە درین و بەرەو پیش پال پیوە نرین.

ئیستراتژی سوسیالیستی لە بار و دۆخی ئیستادا (سالی٢٠٠٧ میلادی) بیگومان دە بی لە گەل ئیستراتژی سوسیالیستی سالەکانی١٩٧٠ میلادی(دە یە کانی ١٣٥٠-١٣٤٠ هەتاوی) جیاوازی هەبیت. گەرانەوە بۆ چارە کردن و شی و لیکدانەوەی کۆن، وەک مالکیەتی دەولەتی هەموو کیشە دژوارەکانی کۆمەلایەتی چارە دەکات، دەسکەوتە سوسیالیستیەکانی ئیستا، تا ئاستی چەشنیک هونەری قسەکردن و ریتوریک(بی خەتەر) دینیتە خوارەوە.

له باتی ئەمانە دەبێت لە سەر مەسایلی دیموکراتیک و هاوپشتی لە ئاستی کۆمەڵگادا، ورد بینەوە و هەموویان لە جیهانی واقیعی سیاسی ئەمرۆ و نە لە جیهانی ئارەزوەکان و مەیلەکان بدەینە بەر باس لیکۆلینەوە و لە ناوەندا، دایان نین. ریگا چارەی ئاسان و خیرا بۆ ئەوەی بگەین بە دیموکراسی زۆرتر و دەخالەتی زۆرتر لە سەر کارو ژیانمان و یا ریکخستن و دروست کردنی کۆمەلگایەکی یەکگرتوو و یەک پارچە لە تەک نەسلەکانی داهاتوو و ئیستا، وجودی نیە.

١-حیزب دە توانیت پیداگر و خوازیاری خولقاندنی کەش و هەوای کراوەتر و ئاشکراتربێت و بە گوی کراوە و هەستیارەوە پەیتا پەیتا لە گفتوگۆ و پیەیوەندی لە گەل خەلّکی دەنگدەر و لایەنگرانیدا بێت.

٢- حیزب دە بیت ڕو بەکات لە بە دەس هینانی ئاکامی عەمەلی، وەک پیک هینانی ئال وگۆر لە ژیانی رۆژانەی ئینسانەکانی کۆمەلگا، کە بەشی دەولەتی و مەدەنی لە پیک هینانی ئاسایش تەواو کەر و یارمەتی دەر و پشتیوانی یەکتر بن.

٣- حیزب ئاگادار و پاریزەری دیموکراسی پارلەمانی وەک دەسکەوتێکی میژوویە و هاوکات باوڕی هەیە کە پارلەمان و کاری سیاسی لە دەرەوەی ئورگانە هەلبژیردراوەکانی خەلّکیش یارمەتی دەر و تەواو کەری یەکترن. (لیرەدا ناوە رۆکی دیموکراسی پارلەمانی لە بەر چاوە، ئەگینا لە باری فورم،شکڵ و قەوارەی ریکخراوەیی و ناو دەتوانیت فورم گەلیکیتر وەک شورا، ئەنجومەن و ... بە کاربهینرێت.)

٤- بۆ بەدەس هینانی نوینەرایەتی کردنی پارلەمانی بەدەسەڵات لە ریگای بەدەس هینانی ژمارەی هەرچی زۆرتری کورسیەکانی پارلەمان و دەسەڵاتی حکومەت وەک ئامیرگەلیک بۆ پیش بردنی ئامانجەکانی حیزب تیدە کۆشیت.

٥- بەرەی بەربڵاو و زۆرینە کە لەسەر بناغەی ریک کەوتن و سازش راوستاوە، لە سکتاریزم و گوروەبەندی و لە پەراویزە کەوتن گرینگتر و بانتر دەزانێت.

٦- سیاسەتی ئابوری بەرپرسانە و واقیع بینانە هەڵدەبژیرێت و لە بەرانبەر پیشنیارەی ئارەزومەندانە، غەیرە عەمەلی و گەورە کراوە، کە کیشەکان بە نەسلەکانی داهاتوو دەسپیریت، لیبڕاوانە ڕادە وەستیت.

لە پێشەوە و بەر لە هەر کاریک دەبێت بە یارمەتی وەرگرتن لە کارناسی بەسپوڕ و شارەزا، چونیەتی دابین کردنی بودجە و پارەی پیویستی هەر پرۆژە و بەرنامەیەکی ئابوری بدریتە بەر باس و لیکۆلینەوە.

٧- ئال و گۆرە سەنعەتی و فەنیەکان لە چەند دەهەی ڕابوردوو بە خاتری سوخۆری سەرمایەداران و کارخانەدارەکانەوە لە باری ئیکۆلۆژییەوە لەرزۆکن و سەقامگیر نین. بۆ بەرگری لە دووپات بونەوەی زەرەر گەیاندن بە سەر چاوە سروشتیەکان و ژینگە سیاسەت گەلیک کە لەم بارەوە هەڵدەبژێدرێت دەبێت لە خزمەت ئەم مەسئەلە گرینگ و پربایەخەی بەشەریەت دا بێت.

٨- دیاردەی هاوخەباتی و هاوپشتی لە باری مەکانی (جیوگرافی) و کاتیەوە (زەمانییەوە) پەرەپی بدات، بەشێوەیەک کە هەموو خەڵک لە ولاتان و قارەکانیتر(جیوگرافی) و نەسلەکانی داهاتوو(کاتی) لە بەر بەگرێت.

٩ - تیدە کۆشی تا لە گەل هیزە پیشرەوەکان لە ولاتانیتر هاوکاری زۆرتر لە پەیوەندی لە گەل کیشەکان وەک بەرگیری لە پیس بونی کەش و هەوا و ژینگە، نەخۆشینە بی سنورەکان، تیرۆر، بیکاری و ... کە هاوکاری زۆرتری حکومەتەکان دەخوازیت، بەریگا حەلی هاوبەش بگەن.

١٠- فیمینیزم وەک ئامیریک بۆ دارشتنی سیاسەتی عەمەلی بە مەبەستی ئامانجیک کە بار و دۆخی بەرابەر بۆ ژنان و پیاوان دەستەبەر بکات، بە دەستەوە دەگرێت.

١١- سیاسەتی چەپی مودیرن نوینەرایەتی دەکات و سەرەنجام دوگماتیزم و تیزەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی ١٨٠٠ میلادی لە پشت سەری خۆی دادەنێت.

# پلاتفورمی ئیدئۆلۆژیک

پلاتفورمی ئیدئۆلۆژیک دەبی بناغە و پرنسیپەکانی حیزبیکی هەڵسوڕاو باس بکات و "روحی" حیزب بۆ گونجاندنی هەڵسوڕانی خۆی لە گەل واقعیەتی حازردا، نیشان بدات. ئاماژە بە چەند شتی گرینگ کە دەتوانن لە گەل یەکتر پلاتفورمیکی هاوبەشی حیزب دروست کەن، پیویستە.

١- ئازادی بە مانای: تیکۆشانی ئینسان بۆ رزگاری مروفایەتی لە ستەم، بردنە سەرەوە و پاریزگاری لە ناوەرۆکی دیموکراسی پارلەمانی، تیکۆشان بۆ پەرە پیدان و قول کردنەوەی دیموکراسی لە دەرەوەی پارلەمان، لە شوینی کار، گەرەکەکان و شوێنی ژیان، زانکۆکان و لە کاتی ئازاد و حەسانەوەی ئینسانەکان، ریز دانان لە بیر و باوڕی تر ،دەستەبەر کردنی ئیمکانات بۆ مەترەح کردنی و باس کردنی بیر و بۆچون و کیشەی کەمینەکان کە لە کردەوەدا بە خواستەکانی خۆیان بگەن.

٢- هاوخەباتی و هاوپشتی بە مانای: سە لماندن و پیداگرتن لە سەر ئەوەی کە ئینسانەکان خاوەنی نرخی و ئەرزشی بەرابەرن، مافی کەلک وەر گرتن لە بار و دۆخ و ئیمکاناتی ژیانی ئینسانیان بە پی ستانداره کانی رۆژ هە یە، هیچ چەشنە هەڵاواردنیک بە بۆنەی جنسیەت، میللییەت، نیژادی، ئاینی، تەمەن و ... رەوا نیە، تیکۆشان بۆ کەم کردنەوە و لە ناو بردنی جیاوازیە چینایەتیەکان، کەم کردنەوەی هەر چی زۆرتری کە لینی نیوان مەعاشەکان و حەق دەستەکان.

٣- فیمینیزم : تیکۆشان بە پلان و بە کردەوە بۆ لە ناو بردنی مەحرومیەتەکانی ژن. پیاو و ژن دەبی لە ئاستی جۆراوجۆری کۆمەلگادا، شوینی کار، بنە مالە، کاتی ئازاد و ... خاوە نی دەسەلات و ئازادی بەرابەر بن.

٤- ژینگەی سەوز: بەرهەمەکان، بەکار بردنەکان و داب و نەریتی ژیان دەبی لە گەل بار و دۆخیک کە سروشت توانای وەر گرتنی هەیە بگونجیت و لە دەسکەوتە فەرهەنگیەکان پاریزگاری بکریت. دەبی بە لە سەر ئاست و چونیەتی کەلک وەرگرتن لە هەموو داهاتە سروشتیەکان بەرژەوەندی نەسلە کانی داهاتوو لە بەر چاو بەگیرێت.

٥- ئینترناسیونالیزم : حیزب بۆ گەیشتن بە دونیای بی سنوور و پیک هینانی ئورگانی جیهانی لە سەر بناغەی پرنسیبی یەک ئینسان یەک دەنگ تیدە کۆشیت. ئورگانە بریاردەرەکانی دیموکراتیک لە بان سەری حکۆمەتە میللیەکانەوە دروست بەکرێن و یارمەتی بدرێن.

٦- پلۆرالیزم: پێکهینانی بەرە و هاوکاری لە شکل و قەوارە و ئاستی جیاواز لە نیوان ریکخراوەگەل و بزوتنەوە مەدەنی، سیاسی و فەرهەنگیەکان کە لە بنەرتدا خاوەنی ئاوا بیر و بۆچونیکن.

٧- کە ش و هە وا و فەزای سیاسی کراوە و هەڵسورانی ئاشکرا: بەکردەوە ڕیز دانان بۆ بیر و بۆچونیتر، پلان و نوسخەی لە پیشدا ئامادە کراو بۆ داهاتوو جیگای متمانە وباوەڕ نیە و نەبوە. سکتاریزم و دوگماتیزم قەبول ناکریت. ئیمکانی کونترۆل و پیداچونەوە و چاوە دیری بۆ هەموو کۆمەلگا سەبارەت بە هەموو کارەیکی ئورگانە بریار دەرەکان لە مەیدانی سیاسەت، ئابوری، ئاسایش(عەسکەری)و .... دەستەبەر کریت.

٨- دیموکراسی: پاریزگاری لە دیموکراسی پارلەمانی کاری سیاسی لە دەرەوەی پارلەمان لە ئورگانە هەلبژیردراوە کانی خەڵک لە تەک کاری پارلەمان تەواو کەری یەکتر بن. بونی نوینەری پارلەمانی و حکومەتی بە هەیز و دەسەلات وەک ئامیری وە دیهینانی بیر و بۆچونی سیاسی زۆر پیویستە. بەرە و بلوک بندی زۆرینە دەبی لەسەر بناغەی سازش و ریککەوتن بیت و بە توندی لە سکتاریزم و لە پەراویز کەۆتن، دووری کریت. سیاسە تەکان دەبی لە سەر بناغەی بەر پرسیارەتی تەواو هەلبژیردریت. سیاسەتەکانی ئابوری دەبی بە کردەوە دەر بیت و خەیالی و غەیرە واقیع بینانە نەبیت. لە بریار و هەلویستی سیاسی لە سەر بناغەی ئارە زوە گەورەکان و غەیرە عەمەلی کە نە تەنیا چارەی گیر و گرفتەکانی رۆژ ناکات، بەڵکوو لە کردەوەدا دەبیتە هۆی سپاردنی کیشە و گیر و گرفتەکان بە نەسلەکانی داهاتوو دوری کرێت.

# ئامانجەکانی حیزب

ئامانجەکانی حیزب پیک هینانی کۆمەلگایەکی یەک گرتوو و بەیەکەوەلکاو و راکیشان و وەرگرتنی ئینسانەکان بۆ هەڵسوڕانی سیاسی بە مەبەستی گەشە و پەرەپێدانی دیموکراسیە. هەڵسوران و بیرو بۆچونی ئە ندامان دەبی حیزب رینوینی و ریبەری بکات. حیزب دەبی مەیدان و جێگای جۆراوجۆری بۆ پیش بردنی باس و پولیمیکەکانی هەبێت کە لەوی بیر و بۆچونی یە کتر سەرەڕای تەمەن، جنسیەت،پێوندی میللی و نیژادی، کات و پێشینەی هەڵسوران لە حیزب و... گوی بەدریت و ریزی بۆ دانریت. بۆ بەرگری لە لەت بونی غەیرە پیویست و بە خەسار چونی ئینرژی و یەک گرتویی حیزب، تیکۆشان لە حیزبدا بۆ پیک هینانی هاو فیکری و یە کگرتوویی بیر و بۆچون لە ئاستیکی هەر چی بەربلاوتر زۆر پیویستە. کە وایە، بەر لەوەی ریباز و ئارمانی سیاسی حیزب بە سەلمیت، دانانی کاتی پیویست بۆ باس و لیکۆلینەوە لە ئاستی جیاوازدا بۆ چارەی کیشە گرینگەکان زۆرپیویستە.

فەزای کراوە و ئاشکرا بۆ پیش بردنی گفتۆگۆکان و ریز دانان دەر حەق بە کەمینە، لە هەندی بواردا دانی ئیمکانی زۆرتر لە دەرجەی ئاسایی کە بریار و ریککەوتنی زۆرینە ئیجازە بە کەمینە دەدات، لە پرنسیبە بناغە یە کانی حیزبە (هە لاواردنی چاک و موسبەت بە قازانجی کەمینە).

تیکۆشان بۆ هینانە خوارەوەی بوروکراسی لە ئاستی کۆمەلگا، یارمەتی کردنی و سپاردنی دەسەلاتی بریار دان بە ئورگانە نزیکەکانی هاوولاتیان لە شوینی کار، مە درەسەکان، زانکۆکان و زانستگاکان، ئیدارات و گەرەک و ... و دووری گرتن لە ریبەری ناوە ندئ و سەراسەری( جگە لە مەواردی تایبەت و کەم وینە کە بەرژەوەندی هەموو خەلک دەخۆازیت) یەکیک لە ئامانجەکانی حیزبە. ئە م تیکۆشان وبۆچونە بۆ ئورگان گەلیکی نیونەتەوەیش دەبێت بەردەوام بێت.

ئال و گۆری دونیا و ولاتیکی دیاری کراو مومکینە، بەڵام لیکۆلینەوە و شی کردنەوەی کۆمەلگا لە داهاتویەکی دوور نە مومکینە و نە چاک و نە پیویستە و نە دیموکراتیک کە چارەنوسی نەسلەکانی داهاتوو دیاری کریت.

لە کۆمەلگای دلخوازی ئیمەش ناکۆکی زۆر لە دەرون ولە نیوان ئینسانەکاندا وجودی دەبێت، بەڵام ناکۆکیەکان دەبی بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە و لە وت ویژی کراوە، ئاشکرا ، ئازاد و فرمیەکاندا چارە سەرکرین.

بەرابەری ماف و یەکسانی هاونرخی ئینسانەکان بەردی بناغەیە. ژنان و پیاوان، گەنج و پیر، تەندروست و نەخۆش هەموو کەسانیکی خاوەن بیر و سەر بەخۆن(نە ک کۆمەڵیک بی ئیرادە و شوین کەوتوو) کە دەتوانن سەبارەت بە خۆیان و کەسانیکتر وەک ئینسان بیر بکەنەوە، ریک بکەون و یەک بگرن.

هەڵسورانی حیزب دە بیت ئاوینەی بالا نوینیک لە بەها چاکەکان وەک سادەگی، هەڵسورانی بە ئاشکرا و پیکهینانی کەش و هەوای کراوە، سەبوری، ئازادی، شەهامەت و بویری بێت. ئازادی چاپەمەنی و وتار هەموو جۆرە میدیایەک روون و ئاشکرایە.

شیوەیەکی گرینگ بۆ دامەزراندنی پەیوەندی و هات و چو لە گەل خەلک لە بار و دۆخی سیاسی گرینگدا دیاری کردنی شتە پیویستە و زەروریەکانە. بەم جۆرە دەبێت کیشە گەورە و دژوارە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان بۆ جەماوەری خەلک بەکرێت بە کیشەی چکۆلەتر، ئاسانتر، کە تیگەیشتن و لیکدانەوەی هەنگاو بە هەنگاو و بە ئەندازەی دەسەلات بۆ دیاری کردنی ئیمکان و ئامادەگی خەلک بەرەو ئامانجی گەورەتر نزیک و نزیکتر بەکاتەوە، شتیکی حەیاتیە.

## ناوی حیزب

هەموو ناوەکان و سەمبولەکان و رمزەکان لە ناوەرۆکدا هەلگری نرخی چاک و یا خراپن. هەلبژاردنی ناویکی ئاشنا بۆ حیزبیک لە ناو خەڵکدا بە قیمەتی زۆری مادی و مەعنەوی تەواو بوە و گری خواردوە، کە بۆ حیزبیکی تازە کاریکی دژوار و قورسە بەڵام مومکینە.

ئەندامانی حیزبی تازە بناغە و کۆلکەی حیزبیک کە لە سەرەوە ئاماژەی پیکرا دادەمەزرینن کە وەک ئالترناتیو لە دەرون و لە بەرانبەر حیزبەکانی ئیستا هەلدەسورێت. متمانە بەخۆ، شەهامەت، لیهاتویی، هەلویستی روون و بیگەرد و نیشان دانی خۆ بە شیوەیەکی سادە، تە واو ئاشکرا و بی پەردە بۆ هینانەگۆر و تەرحی بیر و باوەڕی تازە، بە ها گەلیکن کە حیزبی تازە لە گە ل خۆی هەلیدەگریت. بۆ هینانە گۆر و مەترەح کردنی مەفاهیمی تازە و بیر کردنەوەی نوی و جیاواز لە بەرانبە ر بیر و بۆچونی ناسراو و سوننەتی نرخیکی زۆر دە درێت. پیک هینانی حیزبی تازە دە بیت بە شیوەیەکی دەقیق شی کریتەوە و هەلسە نگیندریت.

## ڕیبەری حیزب:

لە پال هەڵویستی ئاشکرا و بیگەرد، بونی ڕیبەری سیاسی و ڕیکخراوەیی پیویستە. حیزبی تازە بە ئەندامان و کادیرەلیهاتوە و ناسراوەکان لە مەیدان و هەریمی جیاواز پیویستی هەیە. ئەمرۆ دەوری ڕیبەری لە کۆمەلگا کە لە ژیر کونترۆلی ماسمیدیایە، زۆر گرینگە. چونکوو ماسمیدیای ئەمرۆ لە کۆمەلگا دیموکراتیکەکان زۆر و کەم دەوری کونترۆل کەری دەسەلاتی هەیە. حیزبی تازە پیویستە لە کەسایەتی ناسراو بۆ هینانە گۆری بیر و بۆچونی مودیرن یارمەتی وەگرێت. ڕیبەری حیزب بە هێز و توانایی گوی دان بە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی خۆی و لە پەیوەندی قورس لە گەل ماسمیدیا، حیزبە کان و بزوتنەوەکانیتر، هەمیشە ئامادەی هەڵویست گرتنی نویە لە بەرانبەر بار ودۆخی تازەدایە.

## پارە و کارگیران (پرسنل)

فەزا و پیویستی سیاسیە کە بناغە و ئیمکانی پیش چووون دیاری دەکات. زەمینە و ئیمکانی پیش چوونی حیزبی تازە پالی بە پڕ کردنەوەی بۆشایی سیاسی و نارازی بون لە وەزعی ئیستا داوە. تەشکیلات بە پارە و ئەندام پیویستی هەیە. داهات و خەرجی حیزب دەبی بە ئاشکرا بە خەڵک و ئەندامانی حیزب گوزارش و راپورت کریت. لە هەنگاوی یەکەمدا زۆر گرینگە کەسانیک کە دەچنە ئاستی ڕیبەری بتوانن پەیام و هەڵویستی سیاسی حیزب بە شیوەیەکی" کەم خەرج" و ئاسان راگەیەنن بی ئەوەی تیکەلی وردەکاری بن و یا شوین مەیل و عەلاقەی چاک کە بیانەویت وەڵامی هەموو مەسایل و گیروگرفتە کانیان هەبیت، بەکەون.

تەواو ۲۰۰۸-۰٤-۱۹

**(یارمەتی بەڕیز کاک ڕەشاد موستەفا سۆڵتانی بۆ ورگێرانی ئەم نوسراوە لە فارسیەوە بۆ کوردی جیگای سەپاس و پێ زانینە)**